# خەوننامەی

## فەرهاد پیرباڵ

## ٢٧ پارچە ئێسقان

شیعر

ناوی نووسەر: فەرهاد پیرباڵ
ناوی کتێب: خەوننامەی فەرهاد پیرباڵ / ٢٧ پارچە ئێسقان
تایپ و نەخشەسازی: ماڵی شەرەفخانی بەتلیسی لە هەولێر
تیراژ: ١٥٠٠
ژمارەی سپاردن: ( ٦٧٨)
سلێمانی: ٢٠٠٩
بڵاوکراوەکانی: لیژنەی ڕاگەیاندنی لیستی (پێشکەوتن)

# زنجیر

ژەهرم بدێ بمرم
یانیش هەندێک خەون پێی بژیم..!
گونار ئیکیلۆف

خەونت ئەگەر بە زنجیرەوە دیت
مانای وایە کە تۆ ئەسیریت.

خەونت دیت ئەگەر زنجیرەکەت لێک دەترازاند
مانای وایە تۆ
حەزدەکەی یاخی، زنجیر لە خۆت داپچڕێنیت.

خەونت ئەگەر دیت زنجیرەکەت تێکشکاندبوو
مانای وایە بۆ سبەینێ
هەموو مەسئوول و گەمژە و ڕەئیسەکانت
وەک حەیزەران و تەزبیح و عەینەگەکانیان، ورد و خاش
تەنانەت پشیلەیەش چیتر سڵیان لی ناکاتەوە.

خەونت دیت ئەگەر ئازاد ببوویت و
زنجیریش عەینەن مارێکی کوژراو لەناو بەستێک فڕێ درابوو
مانای وایە:
مرۆڤ کاتێ یاخی دەبێ
لەوە ناپرسێت کوڕی کێیە؛
هەرگیز مننەتی بەوەش نامێنێ
سەر بە کام دائیرە و حیزب و عەشیرەتە.

٢٠٠٧/٥/١٥

# هاملێت

ئەگەر خەون بە باوکتەوە ببینی پارەت دەداتێ
مانای وایە
تۆ لە داهاتوودا قەللۆش و نەگبەت
لەبەر دەرگای سینەمایەک
عەینەن سواڵکەر سەر دەنێیتەوە.

ئەگەر خەون ببینیت باوکت ڕێگەی سەفەرێکت لێ دەگرێ
مانای وایە تۆ
بەبێ باوکت ناتوانی هیچ بیت؛
ناشتوانیت هیچ بکەی.

ئەگەر خەونت ببینی باوکت
حەیزەرانێک بەدەستەوە کەوتۆتە گیانت
مانای وایە تۆ
دەبێ ئیتر دەست لەناو گیرفان و عەقڵی خۆتدا
ڕێگەی ژیانی خۆت و ئازادبوونی خۆت بگریتە بەر.

باوک هەمیشە حەزدەکا کوڕی لە خۆی پیاوتر بێ.

٢٠٠٧/٥/١٥

# شۆستەیەکی بۆ ئافرەت

لە خەونتدا ئەگەر سێکست لەگەڵ پووری خۆت دەکرد
مانای وایە تۆ
لە داهاتوودا دەبیت بە مەلای مزگەوتێکی گەڕەکەکەتان.

ئەگەر لە خەونتدا
سێکست لەگەڵ «کچە ئەستێرەیەکی گۆرانیبێژ» دەکرد
مانای وایە تۆ تا هەتایە
هەوری تەمەنت هەر لەناو تاریکیدا دەمێنێتەوە.

ئەگەر لە خەونتدا ناو دەمی زڕدایکی خۆتت ماچ دەکرد
مانای وایە بەم زووانە زابطێکی ئاسایشی خوێڕی
لەبەردەم دەرگای مەلعەبی شار
لەناکاو دەتداتە بەر ڕێژنەی گوللە.

لە مەجلیسی خوشک و دایک و پوور و
کچە خاڵ و کچە مامەکانت دوور بکەرەوە:
بەدوای ئەو ژنە چاوەڕوان و کچە دوورەدەستانەدا برۆ
کە عەینەن پرتەقاڵ
بەدەستی خۆت دەتوانی ڕووتیان بکەیتەوە.

# خەونەکەم بۆ ئاو دەگێڕمەوە

خەونم دیت پەپوولەیەک لەناو تاریکیدا عەینەن دووپشک پێوەی دام؛
کاتێ ڕووناک بۆوە دنیا
دیتم ڕاست بوو.

خەونم دیت دەستێک بۆتە خەنجەر؛
لەکاتی تووڕەییدا بۆم دەرکەوت ڕاست بوو.

خەونم دیت خۆشەویستەکەم منی بەقوربانی سەگێک کرد؛
کاتێ لە گۆڕ هاتمە دەرەوە
دیتم ڕاست بوو.

# ئەختەبووت

لە خەونتدا ئەگەر بیبوویتە پاشایەک و حەوت کچی جوانی لەیەکتر جیای حەوت ولاتی هەر یەک لە لایەک سەرنجی تۆیان ڕاکێشا و عاشقی هەر حەوتیان بوویت؛ ئنجا فەرمانت دەرکرد کە هەر حەوتیانت بۆ بهێننە لا و هەر حەوتیانت لە خۆت مارە کرد..
ئەمە مانای وایە تۆ لە داهاتوودا
پیاوێکی دنیادیدە و سەرفرازت لێ دەردەچێ:

پیاو لە هەر ئافرەتێک شتێک فێر دەبێ،
لە کچی هەر شارێک دەرسێک،
لە ژنی هەر ولاتێکیشەوە گەنجینەیەک.

# گوڵ لە خەوندا

گوڵ: ڕاستە خۆشەویستییە، بەڵام بۆ هەزار مەبەستی خراپ و گەندەڵ و هیچ و پووچیش بەکاردێ.
- ئەگەر دانەیەک بوو: میوانێک لە سەفەرێکی دوورەوە دێتە لات.
- ئەگەر بە چەپک بوو: شەڕ و هەرا ڕووت تێ دەکا.
- ئەگەر بتدەنێ: بیر لەوە بکەوە ئاخۆ ئەو کەسەی گوڵەکەت دەداتێ بۆ خۆی چەند ڕێزی گوڵ دەگرێت و چەند لە ژیانیدا گوڵی چاندووە؟!
- ئەگەر بیدەیتە کەسێک: چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکە بە دڕک و داڵ وەڵامت بداتەوە.
- ئەگەر بیچێنیت: خراپ نیە؛ بەڵام ئەگەر شیعری لەبارەوە بنووسیت: ئەو هەموو زبڵخانە و تاریکی و سواڵکەر و برسێتییەی دەورووبەریشت تەماشاکە؛ ئەو هەموو جەنگ و چیمەنتۆ و گۆڕستان و قەحپەخانەیە، ئەو هەموو گەندەڵییە، ئەو هەمووماڵوێرانییەی خەڵکیشت لەبیر بێ!

# ئاوابوونی بتەکان

ئەگەر خەونت بە کوڕەکەی خۆتەوە دیت سەری خۆی هەڵگرتبوو
مانای وایە کوڕەکەت عاشق
دەیەوێ جگەرە بکێشێت و بیرە بخواتەوە؛
بەڵام لەترسی تۆ جەسارەت ناکا.

ئەگەر خەونت بە کوڕەکەتەوە دیت پارەی دەدەیتێ
مانای وایە کوڕەکەت
عەینەن وەکیل وەزیرێکی گەندەڵ لە داهاتوودا
لە باوەشی چەپەڵی قەحپەخانەیەکدا سەر دەنێتەوە.

ئەگەر خەونت بە کوڕەکەتەوە دیت
دەست بە خەنجەرێکەوە دەیەوێ بتکوژێ
ئەمە مانای وایە
حەڤدە بار حوشتر لە حەڤدە ڕێگای جیاوازەوە
خێر و بەرەکەت دەخەنە ناو ژیانتەوە.

پیاوی مەزن تەنیا بەو ئامانجە دێتە دنیاوە
کە منداڵەکانی خۆی وا فێر بکات
بتوانن لە باوکی خۆیان یاخی ببن..

پیاوی گەورە نایەتە دنیاوە
تەنیا بۆ ئەوە نەبێ کە منداڵەکانی خۆی لەت و پەتی کەن؟

# مەدام بۆڤاری

ئەگەر خەونت دیت پێڵاوی خۆشەویستەکەت
بە دیواری ژوورەکەی خۆتەوە هەڵواسیوە و تەماشای دەکەی
ئەوا لە داهاتوودا جوانیی خۆشەویستەکەت دەبێتە وانەیەک
لە کۆلێژی هونەرە جوانەکاندا دەگوترێتەوە.

ئەگەر خەونت دیت دەزگیرانەکەت لەناکاو
مێردی بە کوڕە دەوڵەمەندێک کرد
مانای وایە
ئەو دەبێتە تابلۆیەکی ناودار
تۆش بە بێکەسی، سەر دەنێییتەوە.

پیاو هێزێکن
ژن بۆ خۆیانی دەبەن.

# ئۆدیسیۆس

کاتێ خەون دەبینیت بوویتەتە «مودیر»
مانای وایە یەکێک لە دراوسێکەتان
لە ژوورەکەی خۆیدا لەبرسان مردووە و تۆ ئاگات لێ نیە.

کاتێ خەون دەبینیت بوویتەتە «مەسئوول»
مانای وایە دەلیڤەیەکی باشت بەم زووانە بۆ هەڵدەکەوێ
بۆ دزی و تالآن و ڕووتاندنەوەیماڵی حکوومەت.

کاتێ خەون دەبینی بوویتەتە «وەزیر»
مانای وایە بەم زووانە عەینەن پەرلەمانتارێک
کە میللەت نەفرەتی لێ کردبێ
ئوتومبیلەکەت لە لۆفەیەکی بڵندەوە لێ وەردەگەڕێ.

بەڵام کاتێ خەون بەمەوە دەبینیت
کە لەناو شەوەزەنگی باخچەی ماڵە بێ کارەباکەت
دەست بە لایتێکی تاریکەوە
گیا ئاو دەدەی؛
مانای وایە بۆ سبەینێ
سەفەرێکی خۆش، پڕ خێر و بەرەکەت دەکەوێتە ڕێت.

پشت لە کورسییەکان؛
ڕێگاکان هەڵبژێرە!

# فستق

ئەگەر خەونت دیت
دوو کچ پێکەوە لەناو نوێنێک
یەکەمیان مۆز، ئەوەی تر گێزەری دەدایە ئەمەی تریان؛
مانای وایە تۆ
هیچ زەوق و پیاوەتی و ئیحساسێکت نیە بەرامبەر ژن.

ئەگەر خەونت دیت
کچێک هاتە ناو ژوورە تەنیاکەت و خۆی ڕووت کردەوە
تۆش شەرمن شەرمن عەینەن جەدوەل زەڕب مشەوەش بووی؛
مانای وایە تۆ
دەبێ لەمەودووا هەموو ژیانی خۆت
تەنیا لەناو کچاندا تاقی بکەیتەوە و
شەرمت بەتەواوەتی لە ژن بشکێ!

کچ جوانییەکن
پیاو دەبێ چێژیان لێ وەربگرن.

# تۆ حەڕبا نیت:
# پێستی خۆت بەپێی ڕەنگ و زمان و
# خووی شەقامەکان مەگۆڕە!

ئەگەر خەونت دیت
لەگەڵ خەڵک یادی شکۆمەندی یازدەی ئازار دەکەیتەوە؛
تەمەننا بکە بۆ سبەینێ
مارێک پێتەوە بدات و بمریت.

ئەگەر خەونت دیت لەناو حەشاماتێکی جەماوەریدا
ڕێپێوانێک بۆ یادی هەڵەبجە و ئەنفال سازدەکەن؛
تەمەننا بکە عەینەن ئەو وەزیرانەی
بە درۆ دێن پەردە لەسەر پەیکەری شەهیدێک هەڵدەدنەوە
بەردباران بکرێیت.

ئەگەر خەونت دیت لەناو خەڵک
بەدیار پەیکەری قارەمانێکی مێژوویی میللەتەکەتەوە
ڕاوەستاویت چەپڵەی بۆ لێ بدەی؛
مانای وایە تۆ
هەتا هەتایە
سەری خۆت لەناو مێژوودا بزر دەکەی.

یادکردنەوەی ئەنفال و هەڵەبجە و حەڤدەی شوبات و سی و یەکی مارس و
هەژدەی نیسان و ئەم قسە قۆڕانە
هیچی ئەوتۆ نین
لە گریانێکی گەمژە و شیوەنێکی ساویلکانە زیاتر
بەسەر کەلاوەکانی ڕابردوودا.

هەڵپەڕین بەبۆنەی سەرکەوتنەکانی ڕاپەڕین
هوتافاتی خەڵک لەناو ڕێپێوان و
موناسەبەتە ڕێکخراوەییەکاندا
هیچی تر نین: لە دەستپەڕ لێدانێکی بێ مەعنا زیاتر
بەسەر شکۆمەندییە بێسوودەکانی ڕابردوودا.

بەسەر ڕابردوودا مەگری
سەرکەوتنەکانی ڕابردوو مەلاوێنەوە
گوو بە ڕاپەڕین و هەموو شۆڕشەکانی ڕابردووی کورد
گوو بە مێژوو:
مێژوویەکی نوێ دروست بکە!
شۆڕشێکی نوێ دروست بکە!

# کۆدی داڤنشی

ئەگەر خەونت دیت سێوێکی سوور زەرد هەڵگەڕابوو
مانای وایە تۆ بەختت ڕەشە.

ئەگەر خەونت دیت سێوێکی ڕەش
لەسەر مێزێکی مزر داندرابوو
مانای وایە تۆ
دەبێ لەمەودووا خۆت فێربکەی:
چۆن لەززەت لە تەماشاکردنی ژن وەربگریت.

ئەگەر خەونت دیت سێوێکی شین
لەسەر مێزێکی مۆر داندرابوو؛
مانای وایە تۆ
دەبێ ئیتر خۆت فێربکەی:
چۆن چێژ لە تامکردنی ژن وەربگریت.

ئەگەر خەونت دیت ژنێکی نارنجی
عەینەن سێوێکی سەوز
کراسە پەمەییەکەی خۆی داکەند و
لەبەردەمتا خۆی ڕووت کردەوە؛
مانای وایە تۆ
کاتی هاتووە.. دەبێ عاشق بیت!

ژن خەونێکی جوانن
«پیاو» دەیانبینن.

# جەدوەل زەڕب

کەروێشک خەون بە گێزەرەوە دەبینێ
قاز بە گەنمەشامییەوە
پشیلە بە ماست
مشک بە نانەوردە
بەراز بە بەڕوو
ورچ بە ماسی
مەیموون بە مۆز
سەگ بە ئێسقان
منیش بە تۆ.

# ماتریکس

خەون بە گەڵاوە ببینی، خراپە.
خەون بە ئاونگ و تکەی هەورەوە ببینی، ساویلکانەیە.
خەون بە گوڵەوە ببینی، خراپتر.
خەون بە پۆڕ و قورینگانەوە ببینی، زۆر خراپتر.
خەون بە پەپوولەوە ببینی خراپ نیە، بەڵام
هیچ سوودێکی ئەوتۆی نیە.
خەون بە مانگەوە ببینی هەر زۆر زۆر خراپە.
خەون بە ئەستێرەکانەوە ببینی، لە هەموویان خراپتر.

خەون بە خۆتەوە ببینە:
لە ناوەڕاستی شەقامێک
ئوتومبیل و باڵەخانە و ئەنتەرنێت و بۆیاغچی و پۆلیس و خەستەخانە و ڕافیعە و ڕێبوارەکان؛ تەنانەت مودیر زەڕیبە و شورتی مروورەکانیش..
ستایسشت بکەن!

# کابووس

پیاز لە خەوندا گێزەرە
گێزەر لە خەوندا مەلایە
مەلا لە خەوندا دوژمنە
دوژمن لە خەوندا چاو و زارە
چاو و زار لە خەوندا نەخۆشییە
نەخۆشی لە خەوندا سەگێکە ڕاوت دەنێ و تۆش ناتوانی لەدەستی غاربدەی
سەگێک ڕاوت بنێت و تۆش نەتوانی لەدەستی غاربدەی لە خەوندا ماموستایە
مامۆستا لە خەوندا وەزیرە
وەزیر لە خەوندا گەمژەیە
گەمژە لە خەوندا کول فی کولە
کول فی کول لە خەوندا مودیرعامە
مودیرعام لە خەوندا جاهیلێکی ماستاوچیە حیزب تەعینی کردووە
جاهیلێکی ماستاوچی حیزب تەعینی کردبێ لە خەوندا مودیر ناحیەیە
مودیر ناحیە لە خەوندا نەخوێندەوارە
نەخوێندەوار لە خەوندا «قایمقامە»
قایمقام لە خەوندا دەعوەتە
دەعوەت لە خەوندا تەقاویت بوونە
تەقاویت بوون لە خەوندا وەکیل وەزیرە!- نا موستەشارە
موستەشار لە خەوندا پەرلەمانتارە
پەرلەمانتار لە خەوندا مانگی تەنیا یەک جار دەست بەرزدەکاتەوە کەچی مووچەکەشی حەفت ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینارە!
کەسێک مانگی تەنیا یەک جار دەست بەرزبکاتەوە کەچی مووچەکەشی حەفت ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار بێ لە خەوندا شوڕتی مروری قوڕبەسەرە
شوڕتی مروری قوڕبەسەر لە خەوندا کەسێکە لە ڕۆژێکدا حەفت ملیۆن و پێنج سەد هەزار جاریش دەست بەرزدەکاتەوە کەچی مووچەکەیشی تەنیا دوو سەد و بیست و شەش دینارە

کەسێک لە ڕۆژێکدا حەفت ملیۆن و پێنج سەد هەزار جاریش دەست بەرزبکاتەوە کەچی مووچەکەیشی تەنیا دوو سەد و بیست و شەش دینار بێ لە خەوندا حاجی لەقلەقە
حاجی لەقلەق لە خەوندا خۆمەڕغوولکردنە
خۆمەڕغوولکردن لە خەوندا خۆهەڵخەڵەتاندنە
خۆهەڵخەڵەتاندن لە خەوندا نووری مالیکییە
نووری مالیکی بێتە خەونت یەعنی سبەینێ دیسان نرخی بەنزین گرانتر دەبێتەوە
بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین لە خەوندا تاوانە
تاوان لە خەوندا توورەبوونە
توورەبوون لە خەوندا ئیمانە
ئیمان لە خەوندا لەسەرهەق بوونە
لەسەرهەق بوون لە خەوندا مزگەوتە
مزگەوت لە خەوندا جەهالەتە
جەهالەت لە خەوندا بەفیڕۆچوونی تەمەنی گەنجێتییە
بەفیڕۆچوونی تەمەنی گەنجێتی لە خەوندا وەرگرتنی بڕوانامەی زانکۆیە
وەرگرتنی بڕوانامەی زانکۆ لە خەوندا کلینێکسی سڕینەوەی قوونە
کلینێکسی سڕینەوەی قوون لە خەوندا نەدۆزینەوەی ئیشە
نەدۆزینەوەی ئیش لە خەوندا دەردەسەرییە
دەردەسەری لە خەوندا مەسەلەی کەرکووکە
مەسەلەی کەرکوک لە خەوندا پەیداکردنی لوقمە نانێکە پێی بژیت
پەیداکردنی لوقمەنانێک لە خەوندا ماندووبوونە بەدەست پەیدا نەکردنی وەزیفەیەکەوە
ماندووبوون بەدەست وەزیفەیەکەوە لە خەوندا خۆپیشاندانە
خۆپیشاندان «لە خەوندا» شتێکی مەسمووحە
شتێکی مەسمووح لە خەوندا سجنی محەتتەیە
سجنی محەتتە لە خەوندا زانکۆیە
زانکۆ لە خەوندا معەسکەرە
معەسکەر لە خەوندا تەعین بوونە
تەعین بوون لە خەوندا ژوورێکی سارد و سڕی قوتابخانەیەکی تاریکە لە گوندێکی دووری سەرسنووردا
ژوورێکی سارد و سڕی قوتابخانەیەکی تاریک لە گوندێکی دووری سەرسنووردا لە خەوندا بێ کارەباییە

بێ کارەبایی لە خەوندا سەرما و سۆڵێکی سەختە
سەرما و سۆڵێکی سەخت لە خەوندا (بێگومان!) مایەسیرییە
مایەسیری لە خەوندا سەفەرێکە «بە ئیفادی حکوومەت» بەرەو بریتانیا
سەفەر بە ئیفادی حکوومەت بەرەو بریتانیا لە خەوندا خەبەرێکی خۆشە
خەبەری خۆش لە خەوندا حەتمەن هاتنەوەی کارەبایە
هاتنەوەی کارەبا لە خەوندا وەزیری کارەبایە
وەزیری کارەبا لە خەوندا وەزارەتی کارەبایە
وەزارەتی کارەبا لە خەوندا گیزەرە
گیزەر لە خەوندا حکوومەتە
حکوومەت لە خەوندا حەمامە
حەمام لە خەوندا بە ترِان گەرم ناکرێ.

گەرم نەبوونی حەمام بە ترِان لە خەوندا نەوتە
نەوت لە خەوندا پارەیە
پارە لە خەوندا ژنهێنانە
ژنهێنان لە خەوندا خانووە
خانوو لە خەوندا پارچە عەردێکە
پارچە عەردێک لە خەوندا واسطەیە
واسطە لە خەوندا ئەنجوومەنی وەزیرانە
ئەنجوومەنی وەزیران لە خەوندا مەڵبەند و لق و پۆپەکانە
«مەڵبەند و لق و پۆپ» لە خەوندا یەعنی لەم ڕۆژانە دیسان ئیرهابییەک لەبەردەم بارەگایەکدا خۆی دەتەقێنێتەوە
کەسێک خۆی لەبەردەم بارەگایەکدا بتەقێنێتەوە لە خەوندا یەعنی هەفتەی داهاتوو مووچەی زێرەڤان و پۆلیسەکان کەمێک زیاد دەکا
زیادکردنی مووچەی زێرەڤان و پۆلیس لە خەوندا واتە بۆ دوو سبەی نرخی کەلوپەل سێ قاتی خۆی گرانتر دەبێ
گرانتربوونی نرخی کەلوپەل لە خەوندا مانای وایە ماوەیەکی تر مووچەی پێشمەرگەش زیاد دەکا
زیادکردنی مووچەی پێشمەرگە لە خەوندا مانای وایە چەند هەفتەیەکی دیکە دەیاننێرن بۆرییە نەوتەکانیان لەدەست ئیرهابییەکان پێ دەپارێزن
ناردنی پێشمەرگە بۆ پاراستنی بۆرییە نەوتەکان لە خەوندا واتە مانگی داهاتوو مووچەی فەرمانبەر و مامۆستا و شەهید و ئەنفالەکانیش زیاد دەکەن

زیادبوونی مووچەی فەرمانبەر و مامۆستا و ئەنفال و شەهیدەکان لە خەوندا (بێگومان!) درۆ و دەلەسەکانی پەرلەمانە
درۆ و دەلەسەکانی پەرلەمان لە خەوندا پارەخواردن و دزی و گەندەڵییە
پارەخواردن و دزی و گەندەڵی لە خەوندا «هیچ نیە»: تەڵەکەبازییەکانی ناو ئیدارەکانمانە
تەڵەکەبازییەکانی ناو ئیدارەش لە خەوندا حیلەی شەرعییە
حیلەی شەرعی لە خەوندا پارەپەیداکردنی ناشەرعییە
پارەپەیداکردنی ناشەرعی لە خەوندا (بەتایبەتیش کاتێ وردە وردە زۆرتر و زیاتر دەبێ) ژنهێنانی سێیەم جارە بەشێوەیەکی شەرعی
سێیەم جار ژنهێنانەوەی شەرعی لە خەوندا شتێکی حەڵاڵە
هەموو شتێکی حەڵاڵیش لە خەوندا شتێکی حەرامە
هەموو شتێکی حەرامیش لە خەوندا حەڵاڵە
حەڵاڵ لە خەوندا ڕابواردنە لەگەڵ ژنەشەهید و ئەنفالکراوەکان
ڕابواردن لەگەڵ ژنەشەهید و ئەنفالکراوەکانیش لە خەوندا حەجە
حەج لە خەوندا خوا قبووڵی ناکا
شتێک خوا قبووڵی نەکا لە خەوندا تەعین نەبوونە چونکە کابرا نەبۆتە حیزبی
تەعین نەبوون لە خەوندا خەبەرێکی ناخۆشە
خەبەرێکی ناخۆش لە خەوندا خەبەرێکی خۆشە
خەبەرێکی خۆش لە خەوندا خەبەرێکی زۆر زۆر ناخۆشە
خەبەرێکی زۆر زۆر ناخۆش لە خەوندا قیرتاوکردنی پێش دەرگایماڵتانە
قیرتاوکردنی پێش دەرگای ماڵتان (بەو هەموو تەپوتۆز و چاڵ و قۆرتانەی خۆشیەوە) لە خەوندا «ڕابواردنێکی کاتییە» و زوو تەواو دەبێ
ڕابواردنێکی کاتی لە خەوندا زەکاتە
زەکات لە خەوندا گەیشتننی نەوتی بایعەکەیە
گەیشتننی نەوتی بایعەکە لە خەوندا ڕووتاندنەوەی خەڵکە
ڕووتاندنەوەی خەڵک لە خەوندا مەرزی باشماخە
مەرزی باشماخ لە خەوندا چاڵەنەوتەکەی (شیواشۆک)ە
چاڵەنەوتەکەی شیواشۆک لە خەوندا عەلەشیشە
عەلەشیش لە خەوندا قوزبڕکەیە
قوزبڕکە لە خەوندا مردنی کەسێکی دوورە
مردنی کەسێکی دوور لە خەوندا نەقڵکرانی کەسێکی نزیکە (چونکە ڕەخنەی لە حکوومەت گرتووە)

نەقـڵکرانی کـەسێکی نزیک (چونکە ڕەخنەی لە حکوومـەت گـرتووە) لە
خەوندا خەفەتە
خەفەت لە خەوندا زەماوەندە
زەماوەند لە خەوندا کچێکی جوانە
کچێکی جوان لە خەوندا ڕەفزە
ڕەفز لە خەوندا پەساپۆرتە
پەساپۆرت لە خەوندا تەیارەیە
تەیارە لە خەوندا باوکە
باوک لە خەوندا بێ ئیشییە
بێ ئیشی لە خەوندا خوێندنە
خوێندن لە خەوندا بێ پارەییە
بێ پارەییش لە خەوندا مردنە. - کەس نەیبینێ!

# ئێوارەخوانێکی سەر سەوزەگیا

بەنەرمیەوە
یەک دڵۆپ ئاو بتکێنە سەر ڕوومەتی دڵدارەکەت:
بۆئەوەی ئەو دڵدارەکەت خەون ببینێ کە لە ئیتاڵیا
لەگەڵ تۆ
لە شاری ڤینیز
لە گازینۆیەیەکی قەراغ دەریا
پێکەوە شەرابی (مارتینی) دەخۆنەوە
شەلالی زەوق لە باوەش یەکتر.

دەی..
شووشەیەک عەتر لە لووتی خۆشەویستەکەت نزیک بخەرەوە
بۆئەوەی ئەو خەون ببینێ
کە لەگەڵ تۆ
لە ئەستەمبوڵ
لەناو مغازەیەکی بۆن و بەرامدا
(مستەر بین) شووشەیەک گولاوتان پێ دەفرۆشێت و
پێدەکەنن.

دەی.. جورئەت بکە
پەنجە بە تاڵێکی قژی دڵدارەکەتدا بهێنە
بۆئەوەی ئەو
خەون ببینێت
کە لەگەڵ تۆ
لە ئەمستردام
چوونەتە «شهر العسل»:
لەناو باخچەی هوتێلێکدا
نووری مالیکی و بشار الاسد و عبدالله گول
هەر سێکیان بوونەتە خزمەتکارتان و
گلازێک دۆندرمەتان لەپێش دادەنێن.

# حەزرەتی مووسا

شەوێک لەسەر پانیی سیسەمەکەم نوستبووم
قاچی ڕاستم لە لێوارەکەی هاتبووە دەرەوە:
لە خەونمدا لەسەر لێواری هەڵدێرێک ڕاوەستابووم قسەم لەگەڵ خوا دەکرد.

لەسەر پانیی سیسەمەکەم نوستبووم
قاچی ڕاستم لە لێوارەکەی هاتبووە دەرەوە:
لە خەونمدا خەریک بوو لە بڵندایییەکەوە
دەکەوتمە خوارەوە.

# دیمەنێک

شەوێک بەتانیەم لەسەر لاچووبوو:
لە خەونمدا بەڕووت و قووتی بەناو شاردا دەسووڕامەوە
پاشان - بەبیرمە - کەوتمە ناو ناوێکەوە
شڵپەم لێ هەستا.

شەوێک بەتانیەم لەسەر لاچووبوو.

# هیتیکلیف

ئەگەر تۆ نوستبیت
لەناکاو جیرەجیر لە دەرگاکەتەوە هەڵبستێ؛
خەون بە چیەوە دەبینی؟

ئەگەر تۆ نوستبیت
کەسێک لە پەناگوێتەوە
مقەست بە مووکێشێکدا بخشێنێ؛
خەون بە چیەوە دەبینی؟

ئەگەر تۆ نوستبیت
لەناکاو دەنگی تاق و تۆق و شەڕ
بڕژێتە ناو ژوورەکەتەوە؛
خەون بە چیەوە دەبینی؟

ئەگەر تۆ نوستبیت
لە دەرەوەش بارانێکی مۆر
شەوەزەنگ و برسێتیەکان بشواتەوە؛
خەون بە چیەوە دەبینی؟

ئەگەر تۆ نوستبیت
سەگ لە نزیکتەوە بحەپن، گورگ لە دوورتەوە بلوورێن
دووپشک قرتەقرت لە دیواری تەنشتتەوە بێن؛
خەون بە چیەوە دەبینی؟

ئەگەر تۆ نوستبیت
سەر و قژت بێناز
کەوتبێتە ژێر سەرینەکەت
ئنجا سەرمات بێت و
کەسیش نەبێ داتبپۆشێ؛
تۆ خەون بە چیەوە دەبینی؟

ئەگەر تۆ نوستبیت و
من حەزبکەم قوربانت بم
بێم بەدیارتەوە، فریشتەیەکی داڵدەدەر،
تا بەیانی پاسەوانت بم
جارجاریش بێم نەرم نەرم ماچێکت بکەم..
تۆ خەون بە چیەوە دەبینی؟

# وێنەی باوک لە تافی کوڕێتیدا

پیاوێک خەونی بینی:
لەسەر مێزێک دانیشتبوو بەپەلەپەل منداڵەکانی خۆی دەخوارد.

مانای ئەم خەونە ئەمەیە:
ئەم پیاوە کاتی خۆی باوکی خۆی کوشتبوو. ژنێکی فاڵچی بەم پیاوەی گوتبوو کە منداڵەکانی ئەویش ڕۆژێک دادێ تۆڵەی باپیریان لە ئەو دەکەنەوە و دەیکوژن؛
بۆیە ئەم پیاوە لە خەونی خۆیدا لەسەر مێزێک دانیشتبوو بەپەلەپەل منداڵەکانی خۆی دەخوارد.

# پاراستنی ئەو نهێنییەی
# کە لەناو کۆشکی سپیی شیعرەکانمدا
# سپی سپی تا هەتایە بێدار
# خەوی لێکەوتووە و سەرقاڵی کارکردنە

ئەگەر خەونت دیت پیاوە شەلەکەی دروستان بووە پێشمەرگە
بۆئەوەی بچێ پارێزگاریی بۆڕییە نەوتەکانی کەرکووک بکا
بۆ هەر کەسێکی دەگێڕیتەوە، بیگێڕەوە!

ئەگەر خەونت دیت
تەورداس دەبارییە سەر مەسئوولەکانی حیزب و حکوومەت
بۆ هەر کەسێکی دەگێڕیتەوە، بیگێڕەوە!

ئەگەر خەونت دیت لەجیاتی مانگێک
دوو مانگ بەئاسمانەوە دەخولێنەوە
بۆ هەر کەسێکی دەگێڕیتەوە، بیگێڕەوە!

بەڵام ئەگەر خەونت بینی
فەرهاد پیربال بۆتە شاعیر
بۆ هیچ کەسێک مەیگێڕەوە؛ باوەڕیش مەکە:
چونکە هەموو کەسێک
ئەگەر ڕاستگۆ، لە کانگاکانی خەونەوە قسە لەبارەی ژیان بکا
خەڵک بێگومان پێیان خۆش دەبێ و
وادەزانن ئەم قسە قۆڕانە شیعرن!

من کاتێ دەنووم، هەڵم مەستێنێ:
مەژغوولی ئیشم.

# خەوبینێکی شەوڕۆ
# لە قەراغ کەندەڵانێکی سامناکدا..

زمان تەنیا یەک مرۆڤە؛ نەک عەشیرەتێک و میللەتێک کە هەموویان پێکەوە نوێژ بکەن.
زمان دروستکردنەوەیە نەک پاشماوە و شوێنەوار.

خەونم دیت گۆرانیم لەجیاتی پارە دەکردە ناو قاپی سواڵکەرێکەوە
خەونم دیت لە کونی ئاودەسخانەیەکەوە زێڕ هەڵدەقوولا
خەونم دیت درەختێکی تووم ڕاتەکاند ئەستێرەی لێ وەری
خەونم دیت خۆر کەوتبووە ناو گۆمێکەوە
خەونم دیت لیمۆیەکی ڕەشم دەدایە ژنێکی شین
خەونم دیت دەمەوێ شتەکان سەرلەنوێ ڕەنگ بکەمەوە و ناوبنێمەوە.

خەونم دیت ئەنجوومەنی وەزیران ببووە چێشتخانەیەکی بەلاش و
دەرگای بۆ هەژار و برسی و بێ پارەکان ڕۆژ تا ئێوارە خرابووە سەر پشت
خەونم دیت مەحکەمە نەمابوو
کرابووە باخچەیەکی فراوان: فێستیڤاڵی مۆسیقا و سەمایان تێدا سازدەکرد
خەونم دیت هیچ ماڵێک دیواری نەمابوو
هیچ کەس نەیدەزانی کلیل چیە، قفڵ چیە
خۆشەویستی بەنرخترین سەرمایە بوو.

خەونم دیت سێزدە ئەستێرە
بەسەر سەرمەوە دەهاتن و دەچوون
خەونم دیت مزگەوت ئەنتەرنێت و کۆمپیووتەریان لێ دانابوو
وەک ماڵی ئەنشتاین فەلسەفە و زانست و هونەریان دەبەخشییەوە سەر نیماندارەکان
خەونم دیت ببوومە مجێوری هاوکێشەیەکی ماتماتیک
خەونم دیت دنیا وای لێ هاتبوو
بۆ هەر وڵاتێک چووبای پەساپۆرتی نەدەویست.

خەونم دیت چووبوومە ئەفریقا
بە شۆرتێکەوە
شەپقەیەک لەسەر
لەناو دارستانێک
تفەنگێک بەدەستەوە
شێرم دەکوشت؛
دنیا زۆر گەرم بوو.

خەونم دیت لەگەڵ ژنی مامم لە سەربان چاوشارکێمان دەکرد
خەونم دیت شەیتان سوژدەی بۆ دەبردم
خەونم دیت دەریا نەیدەویست چیتر دەریا بێ
خەونم دیت «مەمکێکی گەورە» کرابووە دروشم بۆ سەر ئاڵای شەکاوەی عیراق
خەونم دیت ژنێکی ئەسمەری عارەب، چەناگەکوتراو
کە دەیگوت خەڵکی فەللووجەم و جاران لە (صناعە جنووبیەکە) فاڵی بۆ فیتەران دەگرتەوە
کرابووە سەرۆکی حکوومەتی فیدراڵی عیراق.

خەونم دیت قیامەت داهاتبوو
دەیانناردم بۆ بەهەشت.

خەونم دیت لەسەر سنووری نێوان بەهەشت و دۆزەخ
ببوومە قاچاغچی و گوناهبارەکانم دەگەیاندە بەهەشت
خەونم دیت پازدە دەستی دیکەم لێ ڕووابوو
خەونم دیت ئاگر ئاوی ئاو دەدا
خەونم دیت پۆلیس و پێشمەرگە و زێرەڤان و پۆلیسی ئاسایش
خۆپیشاندانێکی گەورەیان ساز کردبوو.

خەونم دیت سواری پشتی لۆرییەک بوومە و
دەگەڕێمەوە منداڵیم.
خەونم دیت منداڵێک وڕکی گرتبوو:
نەیدەویست چیتر گەورە بێ.

خەونم دیت بە قات و قەرەوێتێکی تازەی نوتووکراوی پەمبەوە
لە بەهەشتەوە ڕامدەکرد:
خواخوام بوو بگەمەوە هەولێر.
خەونم دیت بەختەوەریم بەکۆڵ خۆم دادابوو
بەدەستی چەپیشمەوە سینییەکی پڕ کووزە شفتیم دەبردە سەریان.

خەونم دیت بەرد ڕدێنی هاتبوو
خەونم دیت سەرتاپای مێژوو لەناو تەنیا یەک DVD جێگەی ببۆوە
خەونم دیت لەسەر هەر کورسییەک قسەیەک ڕووابوو
خەونم دیت پەرلەمان نەمابوو:
لە شوێنیدا ئاوارەکانی کەرکووک
ئاسوودەحاڵ ڕەشماڵیان هەڵدابوو.

خەونم دیت مرۆڤ دەفڕی
خەونم دیت هەر چۆلەکەیەک دارکاژێکی تایبەتی خۆی هەبوو
خەونم دیت خەڵک نەیاندەزانی «دڵتەنگی» چیە
خەونم دیت دائیرەکانی ئاسایش و مەڵبەند و لق و ناوچە و کۆمیتەکان
ببوونە مەلها و کتێبخانە و کەبەریا و دیسکۆ
کەنجی کچ و کوڕ لەبەردەمیاندا دەست لەمل یەکتر
بیرەیان دەخواردەوە و
قوتووە بیرەکانیان کاتێ فڕێ دەدا دەبوونە پەپوولە.

خەونم دیت کەر لەناو پۆلی کۆلێژەکاندا موحازەرەیان دەدایەوە
خەونم دیت خەڵک لەکاتی شت کڕیندا لەجیاتی ئەوەی پارە بدەنە یەکتر
ماچێکیان لەیەکتر دەکرد
خەونم دیت (کۆڕی زانیاریی کوردستان) کراوەتە گۆڕی جاهیل و بێ
زانیارییەکانی کوردستان
خەونم دیت زانکۆکان کراونەتە ماڵێکی گەورە
بۆ ئەو کچ و کوڕە عاشقانەی
کە شەوان حەزناکەن بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان.

خەونم دیت دەست درێژبوونەوەی خەون بوو
قەڵەم بەردەوامبوونی ورێنە

دەم درێژبوونەوەی دڵ
دڵیش عەینەن دروشمی کاتی ئینتیخاباتی حیزبەکان
لەسەر دیواری هەموو قوتابخانەیەکی کچاندا ڕەسم کرابوو
وەک پڕۆپاگاندەی کاتی ئینتیخابات، عەشق
لەشێوەی تیر و دڵێکدا
لەسەر دیواری هەموو دائیرە و ماڵ و مزگەوتێکدا ڕەسمکرابوو.

شیعر شەوڕۆیەکی خەوبیــنە لە قەراغ کەندەلانێکی ساماناکدا..

# تەورات، بەندی چواردەهەم، دێڕی شەشەم

خەونم دیت پیر بوویمە
منداڵ بوومەوە.

خەونم دیت کەلەپچە کراوم
مەچەکی خۆمم لاواندەوە.

خەونم دیت لێم دەدەن
هاوارم کرد.

خەونم دیت قوڕگم نەماوە
کەوتمە سەر نیگارکێشان.

خەونم دیت ڕەش هەڵگەڕاوم
خۆم سپی هەڵگەڕاند.

خەونم دیت توانای نیگارکێشانم نیە
دەستم کردە هاتوهاوار و گۆرانی.

خەونم دیت بەرگری لە هەق دەکەم
فەسڵ کرام.

خەونم دیت خەریکە دەرشێمەوە
چووم گووم کرد.

خەونم دیت فەسڵ کراوم
کارێکی دیکەم دۆزییەوە.

خەونم دیت بەزۆر دەمنێرنە جەنگەکان
سەری خۆم هەڵگرت.

خەونم دیت پارەم نەماوە
سەرسەری بووم.

خەونم دیت پارەی سەفەرکردنم نیە
بە پێ کەوتمە ڕێ.

خەونم دیت سەرسەری بوویمە
کەوتمە کارکردن.

خەونم دیت دەکەومە خوارەوە
فڕیم.

خەونم دیت گوریسیان لە مل ئاڵاندووم
گەرووی خۆمم لاواندەوە.

خەونم دیت خەریکە دەمرم
کەوتمە سەر نووسینی شیعر.

# پارە لە خەوندا

پارە: خەفەتە. - ئەگەر بەرامبەر ماندووبوونی خۆت داوای بکەی: هەقی خۆتە. - ئەگەر لەلایەن دەزگایەکی حکوومەت و حیزبەوە بتدەنێ: دەیانەوێ بتکڕن. - ئەگەر بزری بکەی: خۆشی و ئارامی دەکەوێتە ژیانتەوە.- ئەگەر کتێبێکی خۆتی پێ چاپ بکەی: ئەوا بۆ ماوەیەک بێ پارە دەمێنیتەوە. - ئەگەر ڕەسمی بکەی یان پەیکەرێکی بۆ بتاشیت: ئەوا تا هەتایە بێ پارە و پووڵ دەمێنێتەوە و نەوەکانت لە داهاتوودا بە چاوی بەزەییەوە تەماشات دەکەن لە دڵی خۆشیاندا دەڵێن «ئەو باپیرە هونەرمەندەمان چەنێک گێل بوو، لە هونەر زیاتر هیــچی دیکەی نەدەزانی و نەیدەتوانی دوو پووڵ بۆ خۆی لە ژیانیدا پەیدا بکا!». - ئەگەر لە پەنا دیوارێک بیدۆزیتەوە: ژنەکەت تووشی زینایەک دێت. - ئەگەر لەسەری بەشەڕ هاتی (بەتایبەتی ئەگەر مەسئولێک ئەو پارەیەتی خواردبوو): دەردەسەرییەکت تووش دەبێ نەبێتەوە. - ئەگەر بیدەیتە موحتاجێک: ئاژاوە دکەوێتە ماڵەکەتەوە. - ئەگەر لەناو پەرلەماندا باسی لێ بکرێت: ئەوا تەنیا لەپێناو مووچە زیادکردنی خۆیانە.- ئەگەر ژنت پێی هێنا: خاوەن خانووەکەت بەم زووانە بزگوڕی ماڵەکەت فڕێ دەداتە دەرەوە.- ئەگەر بەسەرتدا باری: مانای وایە کونی بەختت بەم زووانە دەکرێتەوە.

*پیاوێکی هەژار کونی بەختی گیرابوو، نەیدەزانی چ بکا. خەونی بینی؛ لە خەونیدا خوا قالدرمەیەکی درێژی پێی دا:*

*- هەرکەسێک لە ئاسمان کونی بەختی خۆی هەیە؛ تۆکونی بەختت گیراوە. سەرکەوە عاسمان و کونی بەختی خۆت بکەوە!*

*پیاوە نەدارەکە بە قالدرمەکەدا سەرکەوت و کونی بەختی خۆی دۆزییەوە. پەنجەی شایەتمانی خۆی بردە ناو کونێک لەو کونانەی عاسمان. پەنجەی شایەتمانی هەر بەناو کونەکەدا دەگێڕا و هەڵیدەکۆڵی؛ هەڵیدەکۆڵی و دەیویست کونی بەختی خۆی بکاتەوە.*

*لەناکاو پیاوە موفلیسەکە خەبەری بوویەوە، دیتی: پەنجەی شایەتمانی بەناو کونی قوونی خۆیدا دەگێڕا؛ دەیویست کونی بەختی خۆی بکاتەوە.*

# لەدایکبوونی تراژیدیا

خەونم دیت ئاو حەزدەکا خۆی بشوا
لە گوندی (گۆمەپیس) دیتم ڕاست بوو.

خەونم دیت بەرد دەیەوێ ڕەنگی خۆی بگۆڕێ
کە چوومە (بەردەڕەش) دیتم ڕاست بوو.

خەونم دیت کێڵ
شین شین
شینیان بۆ مردوو دەگێڕا
کە چوومە (کێڵەشین) دیتم ڕاست بوو.

خەون ڕاستە
یان هیچ نەبێ دەیەوێ بەڕاست بگەڕێ!

# له شارێکی نیوەمردوو، نیوەخەوتوو،
# نیوە سەوز و نیوە زەرد،
# پڕ پەتیارەیی و پەڕەنگ و پەڕۆ و
# پرتەپرتی پیر و پەرلەمانتارانی پەرتەواز...

خەونم دیت چەپکێک شیعرم بەدەستەوە بوو؛
دەریانکردم.

خەونم دیت تەورداسێکم بەدەستەوە بوو؛
پێشوازییەکی گەرمیان لێکردم.

# بۆئەوەی ناوت بکەوێتە ناو (قاموس الاعلام)ەوە

ئەگەر خەونت بە بارانەوە دیت
تەنیا بۆ یەک درەخت بیگێڕەوە.

ئەگەر خەونت بە دەریاوە دیت
تەنیا بۆ یەک شاعیر بیگێڕەوە.

ئەگەر خەونت بە نانەوە دیت
تەنیا بۆ یەک برسی بیگێڕەوە.

ئەگەر خەونت دیت عاشق بووی
بۆ هەموو برادەرەکانت بیگێڕەوە.

# وێران

له خەونتدا
ئەگەر کۆڵەگەی ماڵی خۆتت تێک دا
مانای وایە ئەو کۆڵەگەیە
پڕ بنی زێڕە.

کتێبی دووەم

# ٢٧

# پارچە ئێسقان

# (شین) وەکو شیعر

لەتەنیشت خۆکوشتن
لەبەردەم ئاسوودەیی
لەپشتەوەی سەربەستی
لەڕیزی پێشەوەی خەفەتەکاندا
لەودیو ئازادییەکانەوە
لەخوارەوەی مافەکاندا
دانیشتبووم
دەمنووسی...

# سپایدەرمان

خۆر زەویی هەیە
مەلا قورئان
دنیا قیامەت
شەقام چایخانە
سوڵتان جاریە
مەکینە بورغی
گەڕیدە سەفەر
ژن عەتر
جەللاد شمشێر
گا گاڕان
دەوڵەمەند پارە
دکتاتۆر قانوون
منیش تۆ... ئەی شیعر!

# نووسینی سەر دیواری ئاودەسخانەیەک

ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتییەکان: بۆ هێنانە ڕیزی یاخیبووەکان
نەقابەکان: بۆ نەقیبەکان و ئەوانەی هێشتاش چاوەڕێی عەرزەیەک دەکەن و ڕیزەیان نەهاتووە
دین: بۆ ئەوانەی دڵیان تەنیا بەو دنیا خۆشە
پارێزگاکان: بۆ ئەنفالکردنی گوند و لادێییەکان بەرەو ناو شار
وەزارەتەکان: بۆ تەقاویتکردنی وەکیل وەزیرەکان
پەرلەمان: بۆ بێ تاقەتی و دەست بەرزکردنەوە و جارجار سەرخەوێک شکاندن
ئەکادیمییەت: بۆ جوینەوەی زانیارییەکانی ناو شووشەی تاقیگەکان
زانکۆکان: بۆ بەرهەمهێنانی بێکاری
قانوون: بۆ چۆنیەتیی ڕێگەگرتن لە ئازادییەکان
سیاسەت: بۆ ڕووتکردنەوەی میللەت
شیعریش: بۆ شڵەقاندنی چێژی سواو،
بۆ ڕاتەکاندنی بیری سەپاو،
بۆ تێکدانی ئەخلاقی باو.

# کەسێک لەدوورەوە
# بەرەو ئێرە هەنگاو دەنێ

منداڵێک: ئێمە هیچ کامان مرۆڤ نین.

پیاوێک: با، کوڕی خۆم! چونکە تۆ ئەمەتا قسە دەکەیت و بیردەکەیتەوە و دەچیتە قوتابخانەش.. ئەها.. ئەمەتا.. ئێمە هەموومان قسەدەکەین، بیردەکەینەوە؛ کاردەکەین.

کوڕێکی گەنج: ئەم منداڵە لەوانەیە ڕاست بکا؛
ئێمە هیچ کامان مرۆڤ نین.

منداڵەکە (دووپاتی دەکاتەوە): بەڵێ؛ ئێمە هیچ کامان مرۆڤ نین.
ژنێک: وەششێرە... ئەدی ئێمە چین !؟
پیاوەکە (بەقەشمەرییەوە): دڕندەین. گیانلەبەرین.
ژنێکی پیر: گورگین لە پێستی مەڕدا.
پیاوێکی پیر: مرۆڤخۆرین. مرۆڤکوژین.
پیاوێکی دیکە (ئەویش بەگاڵتەجاڕییەوە): مەیموونین، پڵنگین.

منداڵەکە (دووپاتی دەکاتەوە): ئێمە هیچ کەسمان مرۆڤ نین.
کچێکی گەنج: ئەم منداڵە لەوانەیە ڕاست بکا؛ ئێمە هیچ کامان مرۆڤ نین.

منداڵەکە (دووپاتی دەکاتەوە): ئێمە هیچ کامێکمان مرۆڤ نین.
یەکێک لە ژنەکان (دەستی دەکاتە چەتر بۆ سەر چاوی و تەماشای دوور دەکا): ئەمە کێیە لە دوورەوە دێ؟
ژنێکی تر: بەرەو ئێرە هەنگاو دەنێ...
پیاوە پیرەکە: ڕاست دەکا.. کەسێک لەدوورەوە بەرەو لای ئێمە دێ.
ژنە پیرەکە: بەڕاست؟ بەرەو لای ئێمە..!
منداڵەکە (لەبەر خۆیەوە): مرۆڤ لەناو ئێمەدا نیە. هێشتا هیچ مرۆڤێک لەناو ئێمە پەیدا نەبووە.

یەکێک لە پیاوەکان: ئەدی مرۆڤ لەکوێیە؟
ژنە پیرەکە (ساویلکانە): ئەدی مرۆڤ لەکوێ هەیە؟
منداڵەکە: دەبێ بەدوایدا بگەڕێین..!
پیاوە پیرەکە: ئنجا ئاخر...
منداڵەکە: ڕۆژێک دادێ مرۆڤ لەناو ئێمە پەیدا دەبێ و دەگاتە ئێرە.

یەکێک لە ژنەکان (دەستی خۆی بەسەر چاوی خۆیەوە کردۆتە چەتر و دەڕوانێتە دوور): ئەمە کێیە لەو دوورەوە هەنگاو دەنێ بەرەو ئێرە؟

منداڵەکە: ڕۆژێک دادێ مرۆڤ دەگاتە ئێرە.

یەکێک لە پیاوەکان (دەستی خۆی بەسەر چاوی خۆیەوە کردۆتە چەتر و دەڕوانێتە دوور): ئەمە کێیە لە دوورەوە بەرەو لای ئێمە هەنگاو دەنێ؟

منداڵەکە (ئومێدەوارانە): ڕۆژێک دادێ مرۆڤ دەگاتە ئێرە.

# ڕێگەیەکی خەتەرناک

شاعیر تفەنگ دابەش دەکەن
شانۆ عەینەن ئیمپراتۆر جۆنز، تاجێکی کاغەزین لەسەر
چەندین مێدالی بریقەدار بە یەخەیەوە
لە بورجێکی بڵندی مقەبباییەوە
دانیشتووە تەماشای تەنیا نۆزدە تەماشاکەر دەکا باوێشک دەدەن:
تەماشای هاملێت و مارتا و مەرسۆ و ستراگۆن و
ڕاسکۆڵنیکۆف و مامۆستا تاران و نابیناکان...
دانیال قەصابیش، فەرڕاش لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر
لەژێر تابلۆکەی خۆیدا (کە بە دیواری ئاودەسخانەکەوە هەڵواسراوە)
دانیشتووە دەگری..
داواکاریی گشتیی محکەمەکان عەینەن تاعوون
جیاوازی لەنێوان تابلۆیەک و ڕەسمێکی خیلاعی ناکەن
کەچی پێیان زۆر ئاساییە ئەم هەموو دزییە
ئەم هەموو نایەکسانییە
ئەم هەموو زبڵخانەیە
(کە جاران کوڵخانی حەمامیان پێ گەرم دەکرد).

عاشق بە گۆڕی چاوە پڕ گریانەکەی گراوی خۆیان بوونە
باخچە هێند بچووک بوونەتەوە
جێگەی تەنانەت دوو ئەوینداریشیان تێدا نابێتەوە
جوامێر هەموو بوونەتە جەردە
کۆڵان، هەترەشچوو
وەک گوریسێکی توندڕاکێشراو هەڵدەلەرزێ
مەمک زیندە بە گان دەکرێ
وێنە سەرتاسەر لە شەرمەزارییەکان دەگەڕێنەوە
پەڕەی دەفتەرەکانی جوگرافیا کراونەتە بەلەم
خولیا، ئارەزوو، هونەر، زانستەکان
سەرتاپا لەناو جزوعەممەکاندا سەریان ناوەتەوە
ژن لەناو ئاودا هێندە تینوو: دەسووتێن.
ئومێد بە کۆڵێک پەشیمانییەوە بەرەو منداڵی دەگەڕێتەوە

مەلای جزیری و عەلی مەردان تەنانەت ئەحمەد هەردیش
لەناو وایەر و بورغی و هێلی تەلەفۆنات غرەغرپان دێ
یانیش لەژێر شاحینەی کۆمپانیا تورکییەکاندا فلیقاو
تەبای ڕۆژنامەوانە جەسوورەکان دەزریکێن.

پەرلەمانتار لەسەر قەلاندۆشکانی با بەرەو حەج دەڕۆن
وەزیر بەسەر بڕبڕەکانی پشتی پەپوولەوە بەرەو ئەهرامەکان
وەکیل وەزیری ئەوقافیش
بەخۆی و شەپقە و شۆرتێکەوە بەرەو دارستانەکانی ئەفریقا.

شەهید شەش هەنگاو لەولاتری خۆیانەوە کەلەواژ
ژن و مندالەکانیشیان
لەسەر پارچە عەردێکی سەد و پەنجا مەتر دووجای پڕ دووپشک
ڕووت و ڕەجاڵ
تەماشای گرێدەر و بلدۆزەر و ڕافیعە و فڕۆکەکانی ئاسمان دەکەن.

لە هەموو لایەکەوە گوندەکان ڕاودەنێن
گوێز و گەلا و گەنم کەساد دەکەن
هەنجیر هەتیو
جوتیارەکانیش دەکەنە پۆلیس؛ ڕووناکییەکانیان پێ ڕاودەکەن.

مەرگ لە هەموو شوێنێک قاچی ناوەتە سەر قاچی و
گەنجێتییەکی بەرباد تلیاک دەکێشێ.
ڕۆشنبیر بێدەنگ
لە شوێن هەر ئاوازێک بوتلێک جاجیک
لە شوێن هەر خەونێکیش نیو چارەگ لەبلەبییان ئاشتووە.

ڕەنگ هێند ڕق ئەستوور بەرامبەر یەکتر
ناتوانن باوەش بەیەکتردا بکەن.
شیعرنووسێن لە باوێشکدانی پەرلەمانتارێک دەچێ
یان لە دانیشتنی پۆزلێدەری وەزیرێک لەکاتی ڕەسمگرتندا
مزگەوتیش عەینەن هورچێکی لەسەر پشت خەوتوو
لاقی ڕاستی: درێژ بە ئاسمانەوە، تا نیوەشەو

هیچ قسەیەک ناکا، تەنیا
«الله اکبر.. الله اکبر..».

هەموو سپێدەیەک لە خەو بێداردەبینەوە و.. هەمان ڕۆتین
هەمان مۆسیقای ساویلکە
کە تەنیا دەزانێ لاسایی
ڕیتمی ڕۆتین و ڕەوتی ڕێکخراوەکان بکاتەوە و بەس.
ئەی شیعر
تۆش دەڵێی لە پردی سیراتەوە گەڕاویتەتەوە
کە ئاوها سەرتاپا نوقمیت لە ماندوویی ژمارەکان و شەلاڵیت لە تا!
ئەی جوانی..
تۆ بە ڕێگایەکی خەتارناکدا هەنگاو دەنێی؛
ڕێگەیەکی ترسناکت لەپێشە.. ئەی شیعر!

٢٠٠٧/٧/١٦

# حەیوانێکی سەیر

دەنگت ئاوازێکی فێنک
ڕەنگت مزر مزر مزر
بالآت تاڵگەیەک حەرفی ڕووسی
بۆنت پەنجەکانی شەماڵ
دڵم دەلاوێنێتەوە.

من گیانەوەرێکی زۆر سەیرم:
گوێم بۆنت دەکا
چاوم تامت
لووتم گوێت لێ ڕادەگرێ
دەستم  قسەت بۆ دەکا
ڕەنگم تەماشات دەکات
ئاوازی دەنگم دەیەوێ تێت بگەیەنێ: خۆشم دەوێی.

# مۆسیقای ژوورەکەم

نۆزدە ساڵ دەبووم و نەدەبووم
لە ژووره بڵندەکەی خۆمدا
پشتم لەو مۆسیقا زەردە باریکە، گوێم هەڵخستبوو:
- **فش ش ش.. ش.. ش...**

لە ژوورەکەی خۆمدا
ڕووەو پەنجەرە
گوێم هەڵخستبوو
بۆ ڕەنگی ئەو مۆسیقا شل و
مەیلەو نارنجییە
کە لە کونێکی زۆر تەسکەوە دەهاتە دەر:
- **فش ش ش.. ش.. ش...**

ئەو کچە تاڤگەییەی میوانم
هیچ جێگەیەکی دیکەی شک نەدەبرد
ئەو عەترە زەردەی جەستەی خۆی تێدا
بەتاڵ بکا:
- **فش ش ش.. ش.. ش...**

بزنێکی شل
مۆسیقایەکی فێنک
مەیلەو نارنجی، مزر مزر مزر
کە لە کونێکی زۆر تەسکەوە دەهاتە گوێم:
- **فش ش ش.. ش.. ش...**

# هاوهەنگاوی بلێز ساندرا

لێرە، لە هەولێر (شاری ٣٧٥ مزگەوت و یەک کتێبخانە)
وەک گۆڕەپانی سووری مۆسکۆ، دڵم
بۆ سەر شۆستە جەژنەکانی پاریس دەسووتێ:
غەریبیی غارەغارە غایلاوییە غاراوەکان دەکەم
مەیدانەکانی پانتۆمیم
قاوەخانەکەی (سارا بێرنارد)
شەوە داگیرساوەکانی سەر گردی (مۆنماخت)
کە دەتگوت بەشی بەلەززەتی سەرەوەی مۆتەیەکی ئێرانییە..
غەریبیی ئەو شەمەندەفەرانەی
لە وێستگەی سانت لازارەوە
وەک ئەوەی چەند بازرگانێکی گەمژە و
چەند پارەدارێکی گەلحۆ بگوازنەوە بۆ عەمرە
تاسە و غەریبی کردنە هەڵایساوەکانی منیان دەگەیاندە ئەو دەڵەقۆڕانەی
کە زۆر زۆر خۆشیشیان دەویستم بەڵام هەرگیز
هیچ ڕۆژێک بە دڵیاندا نەدەهات سەرێک لە هیچ شیعرێکم بدەن.

زۆر دڵخۆش
لەناو جەنتای ئاوارەی بەشانمەوە
هەمیشە ڕانەمریشکێک و
سێوێک و کتێبێک
هەرگیز هیچ گۆرەوییەکیشم لەپێ نەبوو.
ئەگەرچی زۆربەی جار قۆپچەیەکی کراسەکەشم لێ ببۆوە
بەڵام کاتێ لەسەر سندووقی فیشەکەکان بەرەو ڤینیز پاڵ دەکەوتم
گەلێک بەختەوەرتر لە ئێستای ناو هۆڵی موحازەرات و کۆنفرانسەکان
هەرگیز هەستیشم بەوە نەدەکرد پەناهەندەم
عەینەن سەرکردەیەکی ڤیکینگ
برووکسلّ پرچی
وەک پرچی ژنێکی ئەسکیمۆی سەردەمی ئەشکەوتەکان
هەمیشە لەناو چنگم

بەرلین وەک تیڤۆلییەکەی کۆپنهاگن هەردەم لەژێر پێمدا
ئەمستردام وەک کچە قەرەجە هەنگارییەکان
هەموودەم باوەشی بۆ کردبوومەوە
عەینەن ئاو ئازاد
بۆ هەر کوێیەک بمویستایە دەڕۆیشتم
هەموو ئینجێکی ئەورووپا ماڵی خۆم بوو.

لێرە، لە شاری دیوارە زۆر بڵندە هەر هەموو محەججەبەکان
لێرە، کە عەینەن زیندانێکی زۆر گەورەیە
وەک گۆڕەپانی سووری مۆسکۆ، دڵم
بۆ سەر شۆستە جەژنەکانی پاریس دەسووتێ.

لێرە، کە مزگەوتەکانی:
عەینەن فیلێکی تا هەتایە خەو لێکەوتوو (لاقێکیان بۆ ئاسمان بەرزکردبێتەوە)؛
ئاهەنگەکانی: عەینەن پرسەی بەباق و بریقی سەرۆک جاشە مزوورییەکان؛
نادی و بارەکانی: مینا شۆستە بێ ئافرەتەکانی؛
کۆنفرانس و کۆڕەکانیشی: وەک شەوەزەنگە خۆڵاوییە دڵتەنگ و
هەمیشە بێدەنگەکانی ابن المستوفی
لەگەڵ ئەم هەموو ڕۆتینە
ئەم هەموو خامۆشییە
وێڕای سپێدە دووبارە و
نیوەڕۆ دووبارە و
ئێوارە بێ مەعناکانی هەمیشە ئۆزۆ، هەمیشە جاجیک
هەمیشە جاجیک..
حەتمەن تووشی سەکتەیەکی قەلبیم دەکەن ڕۆژێک.

لێرە
ئایەکسانی، وەک جەهالەتی مودیرعام
وەک گەمژەیی وەزیرەکان: گورچووبڕ؛
زوڵم، وەک تانە و تەشەری منداڵبازەکانی سەردەمی منداڵیم پیس،
زەندەقم دەبەن.

لێرە
خامۆشیی موتڵەق، وەک مردنێکی لەناکاو
وەک بێدەنگی: تاریک؛
ڕۆتین وەک چاوسوورکردنەوەی ئینزیباتەکانی سەردەمی فیراریم ترسناک،
دڵم دەکرۆژن.

هیچی لێ سەوز نابێ ئەم زەوییە
هیچی تێدا ناڕوێ ئەم دەستانەم
هیچی پێ نابووژێتەوە ئەم وشانەم
هەمیشە بێ پەساپۆرت
بەناو تاریکیدا
هەمیشە بێ سەعات
بێ کارەبا
نائومێد لەوەی کە ئەم خۆڵەمێشە نوستووە بە فووی من گەش ببێتەوە
هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕەی
وەکو جاران بچم ببمەوە جەردە:
خۆم لە پشتەوەی لۆرییەکی بارهەڵگرتووی شوفێرە کوردەکانی تورکیا
بشارمەوە و
بەرەو ئەستەمبۆڵ سەرهەڵبگرم
یان خۆم بە پشتی پیکابێکی بەرەو دیمەشقەوە بکەم
لەوێشەوە دیسان
بەرەو بەندەرە بێدارە مەمک ڕووتەکانی ئەورووپا...

من وڵاتم بۆ چیە تازە؟
ئەمەتا بۆ خۆم پڕم لە تاڤگە و پۆلیس و عارەبانە و کچ و ژن و باخچە و یادکردنەوەی هەڵەبجە و ئەنفال و کارەساتەکانی ئوتومبێل و ئەنفال و زبڵخانە و ڕافیعە و تەلێکۆمەکان و سووپەرمارکێتەکان و هۆڵی موحازەرەکان و خۆپیشاندانەکان و بێ کارەبایی و شووتی و شەڕاب و شەوانی تاریک و شەهید و مووچەی ڕێزلێنان و تەقەی خۆشی و تەقڵە و تەقەڵی زام و تەقینەوەکان و تاقمی قەنەفەی دەڵاڵخانەکان و تۆز و خۆڵی شەقامە قیرتاونەکراوەکان و دەرۆزەکەرەکان و کەرکووکیە ئاوارەکان و گوندە بێ خەستەخانە و بێ کارەباکان و ئاڵای کوردستان و گەندەڵی و خۆسووتاندنی ژنان و پارچە پەڕۆکە قوڕە زەرد و سوور و سەوزەکان و..

دەیان بەدبەختیی دیکەی دەست
دەستە نەگبەتیەکانی وڵات.

من وڵاتم بۆ چیە؟
نەک هەر هەولێر
هەر هەموو شیمالی عیراق
تەنانەت سەرتاسەری ئەم حکومەتە قۆڕەی هەرێم
ئەگەر لەدووەرە لێی بڕوانی
ئەگەر لە پشتی لۆرییەکی بارهەڵگرەوە بەرەو ئەستەمبۆڵ تەماشای بکەی:
لەچاو ئەو هەموو ئازادی و سەرفرازییەی لەناو دڵی مندا شەپۆل دەدەن
تۆزقاڵێک خۆشی و ئازادیی چیە تێیدا نەماوە.

با بەڕێ کەوین...

# هاوتەریب

که ئەو ڕۆیشت
هیچی لەدوا بەجێ نەما:
تەنیا من نەبێ.

# کورتە چیرۆکێک

ژنەشەهیدێک وەربیە سەر دەستم؛
نەمتوانی هیچ یارمەتییەکی بدەم.

# لەژێر کەپری
# جێی ڕاوەستانی پاسێکدا

(١)
حەسەن تەمەنی حەڤدە ساڵە
لەژێر کەپری جێی ڕاوەستانی پاسێکدا
پرچی: چاوەڕێ
چاوی: گۆرانی
دەنگی: نارنجی
دڵی لێوانلێو لە عەشقی «فریشتە»
هەرچەند دەمی؛ کەمێک دەگیرێ.

شۆستە: شەلاڵی بەهار
شەقام: پڕ لە بۆنی هەرمێی ئەسمەر و لیمۆی سپی
بەسەر تەکسییە نارنجییەکانیشەوە: جریوە.

حەسەن شەیدای «فریشتە» بووە و
چەندین هەفتەیە جەسارەت ناکا بیدرکێنێ.

چەنێک جوانە چاوەڕوانیی عاشقێکی گەنج
لەژێر کەپری جێی ڕاوەستانی پاسێکدا!

(٢)
دەمێکی دیکە
پێش ئەوەی «حەسەن» جگەرەی دووەمی تەواو بکا
کچە جوانەکانی مەکتەب دەوامیان تەواو دەبێ
پۆل پۆل، دوو دوو،
تاک تاک.. دەڕژێنە دەرەوە
ئیدی «فریشتە»ی چاوهەنگوینیی حەسەن بەدیار دەکەوێ.

حەسەن داینا وە ئەمڕۆ، بەپێچەوانەی جاران، شەرم نەکا
جەسارەت بکات و پێی بڵێ.

حەسەن جگەرەی سێیەمی داگیرساندبوو
کچە جوانەکانی مەکتەب تاک تاک، دوو دوو
دەستە دەستە ڕژابوونە دەرەوە
«فریشتە»ی چاوهەنگوینیی حەسەن بەدیارکەوت
«فریشتە»ی چاوهەنگوینیی حەسەن هاتە ژێر کەپری پاسەکەوە
«فریشتە»ی چاوهەنگوینیی حەسەن هەر چاوەڕێیە
بەڵکو حەسەن ئەوەی لە دڵیەتی، وەکو پیاو، بیدرکێنێ.

حەسەن دەترسا ڕەفزی بکاتەوە
بەڵام ئازا
خۆی لە فریشتە نزیک کردەوە
«فریشتە»ی چاوهەنگوینیی حەسەن سەری هەڵبڕی
حەسەن دڵ پڕ خورپەی عەشق، سەرسام، هاتەگۆ:
- خۆشەویستم
حەز دەکەم هەموو ڕۆژێ پێت بڵێم خۆشم دەوێی
بەڵام ئێستا شەرم دەکەم
چونکە زمانم دەگیرێ.

چەنێک جوانە چاوەڕوانیی عاشقێکی گەنج زمانی بگیرێ
لەژێر کەپری جێی ڕاوەستانی پاسێکدا!

# پێشمەرگەی پۆست مۆدێرن

پێشمەرگە قارەمانەکانی دوێنێ:
مەسئوولە گەندەڵەکانی ئەمڕۆ
شێرە هەمیشە بێدارەکانی دوێنێ:
پەرلەمانتارە نوستووەکانی ئەمڕۆ
پڵنگە هەڵمەتبەرەکانی دوێنێ:
پشیلە دابەستییەکانی ئەمڕۆ؛
بە گەنج و قوتابییانی ئەمڕۆ دەڵێن:
«مادام ئێوە پێشمەرگایەتیتان نەکردووە؛
بۆتان نیە ڕەخنە بگرن».

- ئەدی مەگەر هەموو بەیانیەکی ناشتا
سەعات و نیوێک بە پێ بڕۆیت تا
لە گوندێکی تر فێری «دارا..» بیت کە «دوو داری دی»؛
پێشمەرگایەتی نیە؟!

- مووچە عارەقاوییەکەت تەنیا
سەد و پەنجا هەزار دینار
چوار سنۆبەری وشکهەڵگەڕاویش بەخێوبکەی..
پێشمەرگایەتی نیە؟!

- لە ترپی سەگ چوونی قاچێکت لە بەرەبەیانێکی براکوژیدا
هەموو شەو بێ کارەبا
بێ پەساپۆرت
بێ ئاو
بێ هیوا
بێ گندۆرە
تەنیا چرایەکی لاچاو بریندار
دڵی ماڵەکەت بداتەوە...!

- بە لایێتیکی موفلیسەوە ئاودانی باخچەیەکی تاریک
وەرنەگرتنی مووچە تەپوتۆزاوییەکەت بۆ ماوەی شەش مانگی برسی؛
خوشک و ژن و دۆتمامەکانت
سالی دوو جار سکیان پڕ بێ و
خەستەخانەیەکی ویلادەشیان نەبێ؛
بەبێ شوقفە
بەبێ عەرزە
بەبێ گەرەنتیی تەندروستی
بەبێ سلفە
بەبێ بەرید
بەبێ تەنانەت کتێبخانەیەکیش
هەزاران ماسیی تینووش دەمیان بۆ پەیڤەکان کردبێتەوە؛
ئەدی ئەمە پێشمەرگایەتی نیە؟!

- پێشمەرگە خۆی
کرێی خانووی: پێنج سەد هەزار و نۆ سەد و شەست و شەش دینار
مووچەکەی تەنیا سەد هەزار و نۆ سەد و نەوەد و شەش دینار
بەدەم پاراستنی بۆرییە نەوتەکانی کەرکووکەوە
لە بەیانییەوە تا سی و یەکی مانگ
لە سی و یەکی مانگەوە تا هێرش بردنێکی تازەی تورکیا
خۆزگە دەخوازێ تورکیا هێرشێکی دیکە بکاتەوە سەر کوردستان
تا مووچە کۆنەکانیشی لەگەڵ وەربگرێت
لە شەڕ دژی ئیرهابییەکانی فەللووجەش بەڵکو دوور بکەوێتەوە.
ئەدی ئەمە پێشمەرگایەتی نیە؟!

مێژوو. مێژوو. مێژوو...!
مێژووی بەسەرچووی تیهەڵدراو..!

مێژووی پڕ سەروەری بۆ خۆتان؛
میللەت ڕووناکی و نانی دەوێ.
قەسر و قەمەرە و قاز و قەل و قبوولی و قەڵا قیرتاوکراوەکان بۆ خۆتان
ئینسان ئازادی و ژیانی دەوێ.

ئەی شێرە هەمیشە بێدارەکانی دوێنێ؛
پەرلەمانتارە هەمیشە نوستووەکانی ئەمڕۆ!
ئەی پڵنگە هەڵمەتبەرەکانی دوێنێ! پشیلە دابەستییەکانی ئەمڕۆ
ئەی پێشمەرگە قارەمانەکانی دوێنێ؛ مەسئولە گەندەڵەکانی ئەمڕۆ!
ئەسڵەن
ئەو پێشمەرگایەتییەی ئێوەی ناو شاخان
کە شەش مانگ جارێک
تەنیا عەسکەرێک یان نائیب عەریفێکتان دەکوشت
لەچاو ئەم پێشمەرگایەتییە برسی و هیلاک و پۆست مۆدێرنەی
ئەمڕۆی ئێمە..
گەمەی منداڵان بوو.

# وەکو هێڵ ئازاد

- ئازادیت دەوێ؟
- هەرچی چوارچێوەیەکی لە دەوروبەرتە بیشکێنە و.. وەرە دەرەوە!

- کارەبات نیە؟
- پەیڤە پەمەییەکان لەناو خۆتدا داگیرسێنە!

- کارت نیە؟
- لەسەر سنووری خەون و وەدیهێناندا قاچاغچێتی بکە!

- دەزگیرانت نیە؟
- جار جار بڕۆ باوەش بە درەختێکدا بکە!

- نیشتیمانت نیە؟
- سەری خۆت هەڵگرە: دڵنیام نیشتیمانێک دەدۆزیتەوە.

- پارەت نیە؟
- بەفر بخۆ، ڕێواس بخۆ، هێلکەی کیسەڵ، گەلای دار بخۆ..!

- پارەت نیە تەنانەت ئەنوگستیلەیەکیش بکڕیت بۆ یارەکەت؟
- لاسکە گیایەک هەڵگرەوە و لە پەنجەی یارەکەتی بئاڵێنە!

- پەساپۆڕتت نیە؟
- ببە بە با، ببە بە ئاو، ببە ماسی؛ ببە پێ تا دەگەیتە شوێنی مەبەست.

ئافەرین بۆ ئەو عاشقانە،
ئافەرین بۆ ئەو سەرگەڤازانەی
بێ ئازادی و بێ دەزگیران و بێ کارەبا و بەبێ پارە و بێ پەساپۆڕتیش
گەیشتنە قەراغە درەوشاوەکانی
نیجە و سێن و ڕاین و دەردەنیـل...!

# بەدوای خۆشەویستیدا

هەرچی کون و قوژبنی لەشت هەیە
دەگەڕێم
بەدوای خۆشەویستیدا.

# ڕۆمانێک

ئەو ڕووخا، کەچی
من وێران بووم.

# دوایین ورتە ورتەکانی مەسیح

ئێمەی کوڕی جەنگە دەبەنگە یەک لەدوای یەکترەکان
ئێمە
کە لە شەڕەکاندا - بەداخەوە - شەهید نەبووین
لە هیچ تەقینەوەیەکیشدا نەکوژراین
ئێمەی ڕزگاربوو لە چنگ جەولە گەوجەکانی یەکە یەکەی جەنگەکان
عەینەن سووڕانەوەی سەرلێشێواوی بێکارێک
عەینەن مردن: خامۆش
عەینەن کوژانەوەی کارەبا: بێ تاقەت
گۆشەگیر
تەنیاتر لە بۆق
لەناو چاوەکانی خۆماندا ئەمەتا مردووین؛
دەنگی دەریامان بیرچۆتەوە
بۆنی مۆسیقا و ئاوازی ڕوومەت و ڕەنگەکانی ژیانمان بیرچۆتەوە.

عەینەن باوێشکدان: بێ ئومێد
عەینەن بێ تاقەتی: تاریک
ئەگەرچیش تیشکێک لە دەمانەوە دێتە دەر
ئەگەرچیش دەتوانین گوێمان لە بۆنی گەنیوی ڕشانەوەی یەکتر بێ
ئەگەرچیش ئاوازە نائومێدەکانی یەکتر دەبینین
بەڵام هێشتاش
ناو دەممان پڕە لە تامی شەوەزەنگ
گوێمان پڕ خۆڵی سەنگەرەکان
کونەلووتمان لێوانلێوی باڕووت
سنگمان شەڵاڵی قانوونی ئەو فیشەگانەی بەرمان نەکەوتن
عەقڵمان لەناو ناودەسخانەکاندا
قاچیشمان لەناو مێژووی خەباتە پڕ سەروەرییەکاندا لێ بەجێما.

ئەم باخچە تازەیەی دامەزراوە
کە پڕە لە پاشماوە و

بوتڵە بیپسی و ئاغزە جگەرە و قوونکە سەمووونی سەندەویچەکان
خوێنی گوڵاڵەکانی: لە گەنجێتیی ئێمەوە هەڵێنجاندووە.
ئەم بانق و باڵەخانە و ئاپارتمانە بڵند و بریقەدارانە
تەنانەت ئەم پەرلەمانەش
(خۆ هەرچەند پێشوازی لە هیچ ڕێپێوانێکیشمان ناکا):
بە لوولاق و ڕەفـیـسـک و پەنجـەی پەنماوی برادەرە شـەهـیـدەکـانمان
دروستکراوە؛
وەک چۆن ئەهرام بە کـۆیلە و کـرێکارە سـاویلکەکـانی بەردەست وەزیری
فیرعەونەکان.

وازمان لێ ناهێنێ جەنگ
گۆچانێکی پیر بەدەستەوە و.. دەشەلێ
بە لانێوچەوانێکی شکاوەوە
بەرەو ڕوومان دێ
عەینەن مەرگ
دەیەوێ شمشاڵە تازەکانی خۆی، دیسان
بە ئێسک و پڕووسکەکانی ئێمە دروست بکا.

ئاخ،
کەی ڕۆژێک دادێ بحەسێینەوە!
کەی ڕۆژێک دادێ هەمووومان پێکەوە لەژێر خاکدا
لەناو بۆنی شەرمەزاری و پەشیمانیی خۆماندا
تەماشای ئێسقانە ڕزیوەکانی یەکتر بکەین و
بە خۆمان بڵێین:
- حەیف
ئێمە
ئەو زەمانەی لەسەر خاک بووین
چۆن ژیانمان لە خۆمان حەرام کردبوو
چۆن ژیانمان لەیەکتریش حەرام کردبوو.

# گەڕەکی شەهید شاهۆ مەنتک

ئەم گەڕەکە، جاران
لەبەر خاتری صەدام حسێن
ناویان لێ نابوو (حي صدام)
بەڵام ئەمڕۆ ناویان لێ ناوە (گەڕەکی شەهید شاهۆ مەنتک)
ئەمەش لەبەر خاتری **شەهید شاهۆ مەنتک**
ئەو شەهیدە جوانەمەرگەی کاتی ڕاپەڕین
کە لە شەڕی ئازادکردنی هەولێردا
گیانی خۆی فیدای نیشتیمان کرد
ڕۆحی خۆی کردە قوربانی بۆ ئازادکردنی ئەم گەڕەکەی
کەچی سەرەڕای ئەمەش ئەمڕۆ
ئەم گەڕەکە
هەمان گەڕەکەکەی جارانە
هەمان گەڕەگەکەی زەمانی پێش ڕاپەڕین:
بە هەمان شەقامە کەچەڵ و شەڵوار بە پینەکانی خۆیەوە
بە هەمان باخچە هەمیشە پەسیوەکانی
بە هەمان کۆڵانە پێڵاودڕاوە ڕووت و ڕەجاڵەکانی خۆیەوە
بە هەمان خانووە لاچاوشکاوەکانی
بە هەمان سوولاوکە سیلاوی و دەردەدارەکانی
بە هەمان پەنجەرە تاریکەکانی
بە هەمان جۆگەلە پڕ مێشوولەکانی
بە هەمان گۆرانییە پێخاوس و دڵتەنگ و گریاوەکانی خۆیەوە
بە هەمان دوکاندارە کەساد و بازاڕە گرانجان و شەعرلبەناتە پیس و سەموونخانە تاریک و پاقڵەفرۆشە موفلیسەکانی خۆیەوە
بە هەمان قەیرە کچە بێ ئومێد و شێلمفرۆشە بێ حەمام و بێ کارەبا و بێ پەساپۆرت و بێوەژنە زەرد و منداڵە شینهەڵگەڕاوە زەندەقچووەکانی خۆیەوە
بە هەمان ترس و ڕۆتێن و برسێتی و بەدبەختییەکانی ژیانی پێش ڕاپەڕین.

کەواتە خەڵک هەقی خۆیانە بڵێن:
«شەهید شاهۆ مەنتک لە تڕی سەگ چوو؛
تەنیا بۆئەوە خۆی بەکوشت دا تا بێن ئەم گەڕەکەی بەناو بکەن».

# قوربانی

من لەساڵی ١٩٦١ لەدایکبووم.

ساڵی ١٩١٤- ١٩١٨ ڕژێمی عوسمانی و ئینگلیز و تورک و عەرەب و فارس و ڕووس و جەندرمە و ئاغا و باشچاوەش و مەلا و شێخ و چەکمەسۆر و ئەهلی تەریقەت و جلخوار و سەرکردە و قەشە و سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان پیسترین جەنگ و خوێناویترین برسێتی و دزێوترین هەلاکەتیان بەسەر باب و باپیرانی مندا هێنا.

ساڵی ١٩١٤- ١٩١٨ وردە وردە منیان بۆ ناسینی ژیان ئامادەکرد: بۆ تامکردنی پیسترین جەنگ، هەڵمژینی خوێناویترین برسێتی، بۆنکردنی دزێوترین هەلاکەتییەکان.
ئەوان هەر لەو زەمانە کۆنەوە ژیانیان ئاوها لێکرد کە من نەتوانم ئەمڕۆ ببم بە هیچ شتێک. ئەمەتا، من بۆیە ئێستا هیچم؛ بۆیە ئەمڕۆ من هیچم نیە:
نە ئازادی
نە ئیرادە
نە پارە
نە سەربەخۆیی سیاسی
نە بەختەوەری
نە وڵات
نە پەساپۆرت
نە کارەبا
تەنانەت ئارەزووی ژیانیشم نیە...
چونکە ساڵانی ١٩١٤- ١٩١٨، واتە نزیکەی نیو سەدە پێش لەدایکبوونم؛ هەر لەو زەمانە کۆنەوە، عوسمانی و ئینگلیز و تورک و ڕووس و جەندرمە و ئاغا و باشچاوەش و مەلا و شێخ و چەکمەسۆر و ئەهلی تەریقەت و جلخوار و سەرکردە و قەشە و سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان ژیانێکی وایان بۆم دروستکرد کە من نەتوانم ببم بە هیچ شتێک.

ئەوان، نیو سەدە پێش لەدایکبوونم، ئیرادە و ئازادی و هەستی سەربەخۆیی و شەخسیەتی منیان، هەر لەو زەمانەوە گۆشاگۆش سەربڕیبوو.

# تاعوون

تاعوون هات

پەنجەم هەڵوەری
پەنجەرە مرد
دەرگا بێ ئەوەی خواحافیزی لە خانوو بکا بەپێخاوسی ڕایکرد
ئوتومبێل سواری قەڵاندۆشکانی مەیخانە تێی تەقاند
کاتژمێر ڕاوەستان
مشک بوونە زێ، هەزاران زێ بەناو شاردا
خەون عەینەن گاڕان لافاوێکی ڕەش بردنی
هەر ژێر درەختێک ڕشانەوەیەکی تێدا تەقییەوە
هەر بیرەوەرییەک بووە گۆڕستانێک
لە ئاسۆووە ڕەشەبادووپشکێک
مردن ددان جیڕ خەڵکی دەترساند
کۆڵان عەینەن گوریسێکی زۆر توند ڕاکێشراو لەترسان دەهەژایەوە
دەزگیرانەکان دوو جوانووی جمک لە یەک زنجیر بووبێتنەوە
هەر یەکەیان چاوفرمێسکاوی بە لایەکدا سەری خۆیان هەڵدەگرت
پارە خۆی زیندە بە چاڵ دەکرد
خانوو خواخوای بوو کەس نەیکڕێ بۆئەوەی بەئازادییەوە لەجێی خۆی بمرێ
زێڕ کونەمشکێکی دیتەوە و خۆی تێوە نا
مزگەوت فیلێکی کوژراوی لەسەرپشت کەڵەواژ، سک هەڵپەنماو،
هیچ کەس نەدەچوو بەلایەوە
من دەمویست خواحافیزی لە ئاوازێک بکەم و تێر ماچی بکەم: فریا نەکەوتین
پڕی ناو دەمم تامی تاریک
تەماشای گۆڕی چاوی پڕ گریانی عەشقم دەکرد
کە چۆن بیرەوەرییەکانی
لە حەڤدە برینی سەوزی سەداوە خوێن تێیاندا فیچقەی دەکرد
مار دەستی دوکاندارێکی گرتبوو
دوکاندار دەستی بۆنێکی پەمەیی
بۆنە پەمەییەکە دەستی گۆرانییەکی نیوچەوان شکاو

گۆرانییە نێوچەوان شکاوەکە دەستی لیمۆیەکی سپی
لیمۆ سپییەکەش دەستی منداڵێکی دوو چڵ نێسقان
هەمووشیان دەست لەدەستی یەک
بەدەم خوێنڕشانەوە
ڕایاندەکرد.

ئەی خوای گەورە ئەم تاعوونە چی بوو
دەتگوت ئەو ساتانە بوو کە من شیعرێکم بۆ دێ:
ڕەنگ و بۆن و مەلمەس، ئاواز و تام
هەموو شتێک هەڕروون هەڕروون
هەموو شتێک سەرەونگوون..

ئەمە چی بوو عەینەن کاتی شیعرنووسین؟

تاعوون بوو هات...

۲۰۰۷/۷/۳

# لەتەنیشت ژیان
# لەبەرامبەر فیدڕالیزم..

لەتەک ڕووبارێکی ڕووتی زۆر زۆر ڕەوان
لەنزیک وەزارەتی مافی مرۆڤ
لە قەراغ کانییە نەوتێکی زۆر بەخشندە
لەپاڵ ئەو مزگەوتەی کە بەرامبەر مزگەوتێکی دیکەیە
لەپشت دەزگای ئاوەدانکردنەوە
لەژێر ئاسمانێکی میهرەبان و زۆر دادپەروەر
لەپاڵ سەنتەری پەرەپێدانی مەدەنیەت و دیموکراسی
هەر لەناو زێڕ
لەولای وەزارەتی ژینگە
لەخوار دارگوێز و ڕیزە دارهەنجیرەکان
لەسەرووی کێڵگە چڕۆ دەرکردووە دەم بە خەندەکاندا
لەتەنیشت ماچ
لەنزیک لێو
بەرامبەر سێو...
ئەم هەموو برسێتییە، ئەم هەموو تینوێتییە
ئەم هەموو ئاوارە و بێ خانووە، ئەم هەموو خەفەت و دەردەسەرییە!
ئەم هەموو توند و تیژی و ناعەدالەتییە!

# هەموو دنیا،
# هەموو باڵندەکانی دنیا هی منن

پێشکەشە بە هاوڕێم،
کاک عەدنان موفتی

لە چایخانەکەی مام خەلیل، ئێواران
پیاوێکی مەیلەوباران
چاوی: گەرم گەرم
دەنگی: کەرخ کەرخ
لێوی: بەختەوەر
کورتەک و شەڵوارێکی شەپڕێو لەبەر
بۆنی ڕیشۆڵەی لێ دەهات
دەم پڕ تامی بەرەبەیان
ناوی (سەلیم قاقا)..
وەزیر نەبوو
مودیرعام نەبوو
موستەشاریش نەبوو
تەنانەت خوێندەواریشی نەبوو
پیاوێکی ئاسایی بوو:
کرێچی بوو
خانووی نەبوو، کارەبای نەبوو، پەساپۆرتی نەبوو
تەنانەت پاسکیلێکیشی نەبوو
تەنیا تۆڕێکی هەبوو
ڕاوە چۆلەکەی دەکرد و
چۆلەکەکانی دەفرۆشتنەوە.

هەموو ئێوارەیەک
لەسەر کورسیی چایخانەکەی مام خەلیل دادەنیشت سەلیم قاقا
دەیگوت:
«هەموو دنیا، هەموو باڵندەکانی دنیا موڵکی منن
من دەوڵەمەندترین و
ئاسوودەترین ئینسانی سەر ڕووی زەمینم»

سەلیم قاقا دەیگوت:
- هەتا چۆلەکە و ڕیشۆڵە مابن
من خۆم بە ڕەئیسی حکوومەتیش ناگۆڕمەوە.

# گـردەمژە

## في البدء كانت الكلمة..

لەسەرەتادا گردێک هەبوو
گردێکی ڕەق و تەق
بێ هیچ درەختێک
بێ هیچ سێبەرێک
بۆیەش ژیانی هیچ تێدا نەبوو.

ئنجا وشەیەک پەیدابوو
لەخوار گردەکەوە
پاشان وشەیەکی تر
پێکەوە
چاویان بڕیبووە ئەو گردە ڕووتە
لە کۆتاییدا حەزیان کرد -
جەسارەتیان کرد بچنە سەر ئەو گردە
خۆیان بڕوێنن.

دوو وشەکە چوونە سەر گردەکە
ڕووت و قووت لەگەڵ یەکتر نوستن
تێر تێر یەکتریان لێسایەوە و هاتنە خوارەوە.
کاتێ هاتنە خوارەوە، لەوێ
یەکێکیان حەرفی (ئەلیف)ی لێ بەجێما
ئەوەی تریان حەرفی (هێ ).

دوو وشەکە لە خوارەوە دیتیان:
ئەو دوو حەرفەی لێیان بەجێ مابوو لەوێ
لەسەر گردەکە

پۆلێک حەرفی تریان لێ ڕووابوو
سەوز
تێک ئاڵاو
ببوونە درەختێک.

باشان ڕستەیەک پەیدا بوو
لە خوار گردەکە
ئنجا ڕستەیەکی تر
ئەوانیش حەزیان کرد بچنە سەر ئەو گردە خۆیان بڕوێنن.

ئنجا ڕستەیەکی تریش
لەکۆتاییدا چەندین حەرف و وشە و ڕستەی تریش
حەزیانکرد بچنە سەر ئەو گردە..

گردەمژە ئێستا
گردێکی جوان
سەوز سەوز
زۆر ئاوەدان.

# حەوتەوانەی جوانی..

ئەی سەرتاپات سەوزی و سامان و سەما! ئەی جوانی!
زولفت لوولتر لە هیوا
بەخت درەوشاوەتر لە خەون
چاوەکانیشت عەینەن بەندەرێکی ڕزگاربوون لەدەست ڕۆتین
لە بەرەبەیانێکی زۆر دڵخۆشدا
تەنانەت نائومێدێکیش لەو دەمەدا گەر بەختی هەبێ
گەش دەبێتەوە دڵی بە تەماشات.

ئەی جوانی..
ئەی سەرتاپات سەوزی و سوود و سەدا!
کاتێ گوێت لێ ڕادەگرم
دەڵێی ئەو ساتەیە کە تەماشای جوانترین ژنی ڕووتی دنیا دەکەم.
کاتێ بیرت لێ دەکەمەوە
دەڵێی بۆنی میسک و عەبیر دەکەم.
کاتێ تەماشات دەکەم
دەڵێی کەڵەگەتییەکی حەرام خۆی لەبەردەمم ڕووت دەکاتەوە و
خوا لێمی حەڵاڵ دەکا.

(٢)
ئەی سەرتاپات سروود و سافی و سەمەن! ئەی جوانی!
من لەگەڵ تۆدا دەبمە خەون
لەناو تۆدا پڕ دەبم لە شەوق
بەناو تۆدا
بەناو بەهەشتدا تێپەڕ دەبم:
ئەی جوانی، ئەی سەرتاپات سەفا و سەمەندەر و سێو!
من وەک سەگێکی وەڕیو بە مانگ
حەزدەکەم هەر لەژێر سایەی تریفەی تۆدا بمێنمەوە
وەک خزەتاوی ناو دەریا
وەک شەراوی ناو گۆزە
حەزدەکەم هەر لەناو تۆدا

لەگەڵ تۆدا بمێنمەوە.
من لە ساتە خەونێکی تۆ زیاتر
هیچی تر نیم.
چاوت دامەخە؛ سەرمامە.

ئەی ئەوەی کە منت لە نەو سەندەوە
ئەی ئەوەی کە خۆمت لە من دزی
نیگەران نیم و پەشیمانیش نەبوومەتەوە: چونکە
من تەنیا تۆم خۆش دەوێ؛ تۆ، - ژن.. نا.
ژن دەبێ بە تیشکی تۆ
سەرلەنوێ دروست بکرێتەوە.

(٣)
شەو لە چرا دەخواتەوە
چرا لە بەرەبەیان
بەرەبەیانیش لە تۆ.
چاوەکانت مزر
دەنگت وەنەوشەیی
کاتێ دەردەکەویت
کێڵگەکانی گەنم گوڵ دەردەکەن
ژن خڕخاڵیان دەکەنەوە پێ
مەزرا پڕ دەبنەوە لە زێڕ
پەمۆ گۆرانی بۆ تووتن دەڵێ
ئاو دەچێ ئاو ئاو دەدا
زێ خەونی زەریا دەبینێ
ڕەشاییەکان پەمەیی هەڵدەگەڕێن
بێ عەقڵێک هێزی ئەوە پەیدا دەکا هەست بکا پاشایە
پەتیارە دەبنە عەللامە
برسی بە خوێندنەوەی وتارێک تێر دەبن
بەدبەختی و خراپە و هێزەکانی شەڕیش یەک یەک
نیوەشەو دەچن لە کلاوڕۆژنەی بەندیخانەیەکی تاریکدا
کزکز هەڵدەکورمێن و
بە دڵتوندییەوە سوورەتی یاسین لەسەر مەرگی خۆیان دەخوێنن.

ئەی سەرتاپات سروود و سافی و سەمەن! ئەی جوانی!
تۆ دەڵێی لە بەهەشتەوە هاتووی
کە ئاوها سەرتاپا نوقمی لە ڕەنگ و عەتر و تام و ئاوازی دڵخورپێن!

زەمانێکی زۆر دێرین بوو، - بەبیرمە؛ ئەوساتیش
چەند پارچەیەک لە جوانیی تۆ هەڵوەری:
دنیا دروست بوو.

(٤)
ئەی ئەوەی کە ئەوت لە من سەندەوە
ئەی ئەوەی کە منت لە خۆم دزی
تۆ قەد و باڵات
درەوشانەوەی سێوەکانت
زیرەکی و مەکرت
شەڕەنگێزیت
میهرەبانیت
شەڕ و شۆڕە بێ ئامانەکانت
لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکاندا دەخوێندرێن
لە کۆلێژی ئەدەبیات نامەی ماستەریان لەسەر وەردەگیرێ.

تۆ وەک زەریا قرچۆکیت
بەڵام ئەگەر بکەویتە بەر چاوی عاشقێکی سەوداسەر
وەک شەو ئەگەر بکەویتە گۆمێکەوە
ئەو ناوچەیە سەرتاسەر ڕووناک
هەموو دڵێکیش شاد دەکەیتەوە.

لە تۆوە تاقە صەدەفێک ئۆقیانووسێک دەگێڕێتەوە.
تۆ تەماشاکە:
تەنیا وشەیەکت دامێ، من کتێبێکم لێ دروست کرد.
پردێکت دامێ، شارێکم دانێ
تنۆکێکت دامێ، باخچەیەکم لێ دروستکرد.

(٥)
شاعیرەکان شێتت بوونە
نیگارکێش شەیدات
فەیلەسووفەکان - بە عەمانوئێل کانتیشەوە -
کەسیان سەریان لێت دەرنەچوو
مۆسیقارژەنەکانیش هەر هەموو پەنجەکانی خۆیان
لەناو قژی تۆدا بزر کرد.

کەوتۆتە ناو زولماتی زولفت دڵی هەزار ئەسکەندەر.

تەنیا یەک تریفەی لێوت
بەسە بۆئەوەی جەنگێک بەرپا،
یان ئاشتییەکی سەرتاسەریی دوای سێزدە ساڵی شەڕ.

تۆ دەتوانی دەریا بکەیتە گۆرانییەک
گەدا وەزیر
پاشا زەلیل بکەی؛
تەنانەت دەتوانی خیانەت وا لێ بکەی
لۆژیک ترین پاساو، ڕەواترین لەسەر هەق هەبوونی هەبێ!

تۆ چیت لەو ژنە کرد بتوانێ بە تاقانە ڕۆڵەکەی خۆی بڵێ:
«هەی ڕۆڵە سەردڵ خڕ بی
باب مردوو بی
شەو درەنگە بۆ جێژووانێ»؟
تۆ چ سیحرێکت لەو ژنە ئیمانداره کرد
کە هات لە نامەیەکدا نووسی:
«بسم الله الرحمن الرحیم
سڵاو، گیانەکەم
سبەی شەو مێردەکەم نایەتەوە ماڵ
سەعات یازدەی شەو وەرە بۆ لام»؟
تۆ چ سیحرێکت لەو سوڵتانە کرد
ناچار واز لە ژنەکەی خۆی بێنێت و
بۆ خزمەتکارێکی قولەڕەشی خۆی بێتە سەر چۆک؟

ئەی جوانی.. ئەی سەرتاپات سەفا و سروود و سوندس و سێو!
ئەدی لە من —
تۆچ سیحرێکت لە من کرد
کە من ئاوها هاتم هەموو گەنج و گەنجینەکانی تەمەنی خۆمم
سپاردە دەست
دەستە قرچۆکەکانی تۆ؟

ئای لە گەوجێتیم، —
چەند بەختەوەریشم!

(٦)
برسی تر لە سەگ
ڕووتتر لە مار
زۆر جارانیش تەنیاتر لە بۆق
لە گەڕان بەدوای تۆدا
دەیان جار بریندار گەیشتمە بەر قاچەکانی مەرگ و گەڕامەوە.

خۆش بە حاڵی ئەو پەیکەرتاشانەی واتێدەگەن تۆیان بەرجەستە کردووە
خۆش بە حاڵی ئەو فۆتۆگرافانەی وا دەزانن وێنەی تۆیان گرتووە.
هیچ ستایشی هیچ یەکێکیان تاکو ئێستا
نەیتوانیوە و ناشتوانێ دەقاودەق تۆ بێ!

مەسەلەکە ئەوە نیە من هەم یان نیم
مەسەلەکە ئەوەش نیە: من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم
مەسەلەکە ئەوەیە کە من دەبێ تێت بگەم و باست بکەم و چێژت لێ ببینم
لەگەڵ تۆدا
لەناو تۆدا
شەیدات کردووم
پەنجەکانیشت هەمیشە ڕێگەی ئەوەم پیشان دەدەن
کە لەم ناشیرینی و ڕۆتینە مەرگبارەی ئێرەوە
بەرەو تۆ بێم.

ئەو پەند و عیبرەتانەی لە تۆوە فێر بووم

وەک ئێسقانەکانی خۆم سپی سپی
لەناو گۆڕیش دەیانپارێزم:
تۆ بۆ هیچ کەسێک نامێنیتەوە
تۆ ئی هیچ کەسێک نیت.. ئەی ئی هەمووومان!

(٧)

ئەی جوانی،
ئەی سەرتاپات سەوزی و سامان و سەفا!
ئێمە هەموومان
چەند بە تۆ دەچین:
هێند بەفیز و شکۆدار، کەچی
لەناو هەمووماندا ڕیشەی خۆی توند توند ڕاخستووە مەرگ.

# تێک ئاڵانێکی ڕاکشاو ڕووت و قووت لەژێر قاچەکانی شیراتۆندا

٢٣/ ١١/ ١٩٩٤
لای قەسابخانە کۆنەکەی هەولێر
لەبەردەم لەنگە
بۆیاخچی: لایەکیان سپی و لایەکەی تریان سوور
هەندێکیشیان شین شین شین - بەڵام کەمێک پەڵەی پەمبەیان پێوە
دەچوون کۆڵەگەیەکی دیکەی شار بڕازێننەوە
دەرۆزەکەر دەستیان پان کردبۆوە خێر بۆ ئیماندارێکی دیکە بنووسرێ
پیاوێکی مەیلەوشەڕاب پرێمزی بۆ ژنان چاک دەکردەوە
بۆڕیچی چاوەڕێ بوون بۆڕییەکی شکاوی دیکە چاک بکەنەوە
کرێکار ڕیزەیان گرتبوو میعمارێکی جوانی دیکە بنیات بنێن
پاسکیلچی پاسکیلی منداڵانیان چاک دەکردەوە
منداڵ دەست بە جەنتای قوتابخانەوە
دەچوون جەدوەل زەڕب ئەزبەر بکەن
خەڵک سەرقاڵی کەسابەت
تەنانەت میتاڵێکی «ڕەق و تەق»یش لەوناوە
«هەی یار.. وەی وەی یار..»
گۆرانیی بۆ ڕێبوار و پیادەڕۆکان دەگوت..
لەناکاو
شیراتۆن درایە بەر گوللە
تەق و تۆق و جەنگ دەستی پێکرد
چەکدار وەک کۆمەڵێک گورگ و سەگی هار لە یەک زنجیر بووبێتنەوە
بوونە لافاوی وێرانکاری
خانووەکان خاپوور
مرۆڤ کەڵەواژ
پردەکانی بەرەو داهاتوو سەرجەم وێران
کەچی لەملاوە

من بە چاوی خۆم دیتم، - بە هەر دوو چاوی خۆم دیتم:
کوڕێک و کچێک
لە ناوەڕاستی شەقامێکدا
هێور هێور هاتن کراسی بەری خۆیان داکەند
ڕووت و قووت
لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا پاڵ کەوتن
کەوتنە سپاردنی عەشق بەیەکتر
عەشق ڕووت و قووت لە ناوەڕاستی شەقامێکدا
کوڕەکە پەپوولەی وردیلانەی دەپرژاندە ناو ڕەحمی کچەکەوە
بێ ڕاوەستان
گوێم لە هێنکەهێنکی دووریان بوو
کوڕ و کچەکە ڕووت و قووت
لە ناوەڕاستی شەقام، ڕاکشاو
خۆشەویستییان ڕژ دەکردە ناو گیان و جەستەی یەکتر
لەپێناو ئەوەی
ئەو هەموو نیعمەتەی کە خوا بەخشیوەتییە مرۆڤ؛ بمێنێتەوە
لەپێناو ئەوەی ڕەچەڵەکی باش و جوانیی مرۆڤ بمێنێتەوە
لەپێناو ئەوەی
بە دەستی جەهالەت و گەوج و گەمژەکانی جەنگ
جوانی و عەشق لەناو نەچێ،
خۆشەویستی و نەژادی باشی مرۆڤ بمێنێتەوە.

یەکترخۆشویستن.. تێکۆشانە.

# سجنی محەتتە

لە هەولێر
لەناو حەپسخانەکەی محەتتە
لەناو قاوشێکی مەزندا
نۆزدە حەپسکراو دەبینم؛
یەکەمیان: خەون بە منداڵیی خۆیەوە دەبینێ
دووەمیان: بە دایکی
سێیەمیان: بە خوشکی
چوارەمیان: بە برا بچکۆڵەکەی
پێنجەمیان: غەریبیی برادەرەکانی خۆی دەکا
شەشەمیان: غەریبیی دەزگیرانەکەی
حەوتەمیان: دانیشتووە بەتەنێ دەگری
هەشتەمیان: عەینەن فرمێسکێکی گەورە دانیشتووە و ڕەسم دەکا
نۆهەمیان: دەخوێنێتەوە
دەیەمیان: حەزی دەکرد لە عید میلادی منداڵەکەی بەشدار بووایە
یازدەمیان: حەزی دەکرد مۆسیقا بژەنێ
دوازدەمیان: بورجی ئیڤڵ بە داری کرێمستی دروست دەکا
سێزدەمیان: خەریکی نوێژە
چواردەمیان: پشتی داوەتە دیوار و بیردەکاتەوە
پازدەمیان: دەڵێن «ڕۆژ تا ئێوارە لە یەکەوە تا پازدە دەژمێرێت و دیسان دەست پێ دەکاتەوە»
شازدەمیان: هەست بە گوناحی خۆی دەکات و پەشیمانە
حەڤدەمیان: حەزی دەکرد ئەو پارەیەی دزیبووی؛ هەیبووایە و بیدایەتەوە
هەژدەمییان: ئاوات بەوە دەخوازێ کە ئەم ئێوارەیە
شووتییەکی بۆ ژنەکەی خۆی ببردایەتەوە
نۆزدەمیان: خۆمم؛
نوقمی دەریایەکی ڕوندک، دڵم
خەریکە شەق دەبا بۆ ئازادبوونیان..

# چاوەکانم دەنوقێنم و گوێ لە دەنگی هەولێر ڕادەگرم..

پێشکەشە بە ئۆرهان وەلی، شاعیری تورک
چونکە بە چاوی نوقاوەوە دەعوەتی تەماشاکردنی ئەستەمبوڵی کردم

چاوەکانم دەنوقێنم و گوێ لە دەنگی هەولێر ڕادەگرم..

پێش هەموو شتێک گوێم لە دەنگی موەلیدەیەک دەبێ
لەوانەشە چەند موەلیدەیەک پێکەوە
گەرمی و ڕووناکی دەبەخشنە تاریکاییە سەرمابردووە ماندووەکان
ئنجا فرەفری تەکسییە نارنجی و قەمەرەکان
جیڕەجیڕی عارەبانە زۆر نزیکەکانی دەوروپشتم
کە بۆنی ئەو پرتەقاڵ و توور و تەماتە و هەرمێ و هەنار و لالەنگییانەم بۆ
دەهێنن کە لە سووریاوە بە ڕێگای موسڵ
خەریکن دەگەنە دەشتاییە بەیار و چۆڵەکانی «ڕەشکێن»،
ئەو دەشتانەی تا دەگەنە «قەراج»یش یەک جوتیاریان تێدا نەماوە:
هەموویان لە دەوروبەری من، یان لای پەرلەمان
یانیش لە دەوروبەری محافەزە
بوونەتە پێشمەرگە و کەنناس
دەنگی گسکدانی شەقامەکانیانم دێتە بەر گوێ
باوێشکدانی کلاشنکۆفەکانیان: هیلاک، کەمێکیش برسی
- دۆلار دەکەینە دینار
- دینار دەکەینە ئۆرۆ
بەرامبەر چایخانەی مەچکۆ
کارتی کۆرەک و سیم کارتی ئاسیا دەفرۆشنەوە.

چاوەکانم دەنوقێنم و گوێ لە دەنگی هەولێر ڕادەگرم...

چرکەی وێنەگرتنێکم گوێ لێ دەبێ
لای نافوورەکانی محافەزە، بەرامبەر مزگەوتی (قیبلەخوار)
لەوانەیە وێنەگرێک وێنەی ژن و مێردێکی گرتبێ
هەر یەکەیان دەست بە قاپێک دۆندرمەی تەنیا و تاریکەوە
لەوانەشە دوو کوڕی گەنج بن
یەکیان لە (کووران)ەوە، ئەوەی تر لە (حەی عەسکەری)یەوە
هاتبن لەوێ کچێک ببینن لە ئەسواق ئەربیل دێتە دەرەوە
بەدەم چاوەڕێکردنەوە: «چرک»
وێنەیەک بە مۆبایلەکەی خۆیان دەگرن.

منداڵێک.. (دەستی خۆی پیس کردووە..!؟) نازانم
(شتێکی پیسی خستۆتە ناو دەمی خۆیەوە؟!) نازانم
دایکی پێی دەڵێ: «فڕێی دە!».

ئنجا گوێم لە زەنگی مۆبایلێک دەبێ
گۆرانییەکی زەکەریایە و وەڵامیشی نادرێتەوە
دەبێتە «میسید کۆڵ»
پاشان شتێک لەدەست کەسێک بەردەبێتەوە
هەست دەکەم کتێبێکی گەورەی قوتابییەک بێ
کە لەدەست تاریکی و گەرمای «بەشە ناوخۆییەکەی» ڕایکردووە، تا
لەژێر ڕۆشناییەکانی کارەبای فووڵی ئەوێ
کەمێک بخوێنێ.

چاوەکانم دەنوقێنم و گوێ لە دەنگی هەولێر ڕادەگرم..

منارەی چۆلی: ساویلکەییەکی بەختەوەر
وەک دوعایەکی قاوەیی قایم، بە حەوادا چوو
ڕووت و قووت
هەشت سەد ساڵە دەمی نزای بەرەو ئاسمان کردۆتەوە.
هەست بە ئازاری پشتی دەکەم
فرمێسکە زەیتوونییەکانیشی
بە لالغاوەی دیوارەکانیدا تک تک دێنە خوارەوە.
نرکە وناڵەی دێ لەدەست پیری، منارەی چۆلی.

چاوەکانم دەنوقێنم و گوێ لە دەنگی هەولێر ڕادەگرم..

گۆرانییە ئەسمەر و سنگڕووتە خەلیجییەکانی پێش (نازە مۆڵ)
بەدەم سەماوە
قژیان بەسەر زیندەخەونی گەنجە مەحرووم و بێ کچەکان شۆڕ دەکەنەوە
لەولاشەوە مۆسیقای ڕێکلامە بڵندەکانی بەردەم (نیوو سیتی)
کە جاران هەوارگەی دیوەخانەکەی مەلافەندی بوو.
دەنگی هەنگاوە عارەقکردووەکانی کۆڵانی (ئاڵتی بەرماخ)،
دوعا و نزای ژنە ڕەشپۆشەکانی بەرەو گۆڕستانی (شێخی چۆلی)
کە تێکەڵ دەبن بە سوورەتی یاسینی کرووزاوەی
مەلا یاسینخوێنە لەڕ و لاوازە ناوقەد کەسکەکانی
ناو قەبرستانەکەی عوزێر پێغەمبەر!

دیسان لەناکاو
زەنگ و زرنگەی زەنگی زەنگیانەیی زراقی
ئەو هەموو مۆبایلفرۆشانەی لای (کۆترسەلام)
کە تا دەگاتە حەمامی جارانی (عەلمۆدە)
هەر حەکایەتی بێکارییە
هەر حەکایەتی بێ پارەییە
هەر حەکایەتی بەسەربردنی وەختی وندابووی گەنجێتییە
هەر حەکایەتی ڕیسوابوون و سەربڕینەکانی دوای عەشقێکی ناکام و پێکەوەبوونێکی کەمخایەن و گوناحی هەرزەکارەکارانەیە
کە ئەو هەموو گەنجە ئەویندارانە لەوێ
بۆ یەکتریی دەگێڕنەوە
بەدەم چرپەچرپی سەمایەکی سارد و سوواوی ڕۆتینەوە.

چاوەکانم دەنوقێنم و گوێ لە دەنگی هەولێر ڕادەگرم..

- ئەو ڕافیعانە چەند بڵندن!
ئنجا دەنگی چەکوشی کرێکارەکانی بەرامبەر بانقی ڕەشید
کە خەریکن بازاڕی گەورەی «نیشتیمان» لەجێی شێخ الله تەواودەکەن
پاشان چرتە چرتی ئەو زەرفی نایلۆنانەی

کە لە کۆڵانی قەسابان
لەژێر پێی ژنە عەبا بەسەرەکاندا دەفلیقێنەوە
پێش ئەوەی هێشتا «کەباب یاسین» دەرگاکانی خۆی داخستبێ.

دەنگی معامەلەی دوور و درێژی سەللاجەفرۆشەکانی ژێر هوتێلی مێرگەسۆر
چا هەڵقورتاندنی ئەفەندییەکانی ناو چایخانەکەی (حاجی مستیل)
چرقەچرقی تەسبیحاتی وەرزشوانە دێرینەکانی بەردەم چایخانەی قەرداران
زرمەی دووشەشی تۆپیو لەناکاو
زرنگانەوەی زاری تاوڵەکان، زاری بێزاری غلۆرەوەبوو
زار
کە هەمیشە عەینەن کۆیلەیەکی سپی، بێزار
غلۆر دەکرێتەوە و غلۆر دەکرێتەوە
بەرەو داهاتوویەکی دووری نادیار.

چاوەکانم دەنوقێنم و گوێ لە دەنگی هەولێر ڕادەگرم...

چاوەڕێم دەنگی فڕینی باڵندەیەک ببیسم، نیە
دەنگی هەناسەی درەختێک، نیە
هاواری شیعرێکی تووڕە، نیە.
چریەی لەخەوهەستانی گوڵێک، نیە
کچێک بە کوڕێک بڵێ: خۆشتم دەوێ...

لەناکاو
قاچی ژنێک دەکەوێتە ناو چلپاوی نزیک نۆینێکی پڕ چڵکاوەوە و شڵپەی دێ
هەست بە ئازاری چۆکی دەکەم: ... «ئاخ..»
پیاوێک بە پیاوێکی تەنیشت خۆی دەڵێ:
- دەڵێن «مووچەی شورتی مرووڕەکان زیاد دەکرێ؟»
لەولاتر شتێک لە دەستی کەسێک بەردەبێتەوە
چرایەک بوو، شکا
حەتمەن خاوەنەکەی دەڕوا چرایەکی دیکە بکڕێ.

چاوەکانم دەنوقێنم و گوێ لە دەنگی هەولێر ڕادەگرم...

تەقەتەقی قەپاغی مەنجەڵی چێشتخانەیەک
دەنگی فەخفووری
- فەرموو.. فەرموو
شاگردێکی وەستاوی بەردەم چێشتخانەکەی تاجریان
بە ئاوازێکی برسییەوە بە ڕێبوارانی دەسپێرێ.
- ویش..
تف.. وو...!
وابزانم پیاوێک بوو قوونی ژنێکی گرت!
- ئەوە چیی قەوماوە؟
- لەسەر کێڵە سەهۆڵێک یەکتریان داوەتە بەر چەقۆ
لەناکاو دەبێتە هەڵڵایەک نەبێتەوە:
- تیزابیان بە ئافرەتێکی سفوور داکرد دیسان.
گوێم لێیە منداڵبازێک دیشلەمەکەی فڕ دەکات و
مامەڵە لەگەڵ «هەتیوێک» دەکا.
ئاغزە جگەرەیەک بەر پێم دەکەوێ
دەزانم هی ئەو کوڕ و کاڵانەیە
کە لە فیلمێکی خیلاعیی سینەما حەمڕاوە دێنە دەرەوە
ئنجا لەناکاو دەزانم کە نیوەڕۆیە؛
لە دوازدە مزگەوتی دەوروبەرمەوە بە جارێک:
- الله اکبر.. الله اکبر..!

چاوەکانم دەکەمەوە و گوێ لە دەنگی هەولێر ڕادەگرم...

چ سەمفۆنیایەکی غەمگینە هەولێر
خۆزگە کوێر بوومایە و
ئەم شارە جوانەی منداڵیی خۆمم
ئاوها ڕەزیل و سەفیل و کەوتە
نەدیبایە!

# حەسرەت

سەراسیمە و سایمە لێدراو
دوای ڕۆشتنت
گەلێک گەڕام؛
نەمدۆزیتەوە.

عەودالی تۆ تا دەمکردنەوەی نێرگز
لەناو کۆلان و شەقامەکاندا تا شەکەتبوون حەزبکا گەڕام؛
نەمدۆزیتەوە.

لە دەرگای گەلێک مالەخزمم دا
ناو تەکسییەکان سەیریان دەکردم
لە زۆر بالندەی گەڕاوەی مەنزلگە دوورەکانم پرسی
چوومە مالی ژنە چەناگە کوتراوە قاوەخوێنەکانیشەوە
تەنانەت مالی فالگرەوەکانیش
لەوێش نەبووی.

کە تۆ ڕۆیشتی
خۆزگە ئەنگوستیلەیەکت بوومایە
فرمێسکێکت،
یان خڕخالێک بە پاتەوە.

بەبەر دەرگای ئەو مالانەی
قەیرەکچ نوشتابوونەوە پێش دەرگای مالەبابی خۆیان دەماشی
تێپەڕ دەبووم و
لە تۆ دەگەڕام.

بەبەر دەرگای ئەو مەرقەدانەی
ژن تاک تاک، جووت جووت
دەچوون مرازی خۆیان بڕوێنن
چوومە لای سولتان مزەفەر..
لەوێش نەبووی.

لە کەرویشکەکانم پرسی
لەو باڵندە ملدرێژانەش کە هەمیشە کاتێ شتێک یان کەسێک دەدۆزنەوە
دەجریوێنن: «**دی.. تی.. تم..** دیتیـــــــتم...».

پارکەکانم یەک یەک پەی کرد
شەقامەکانم یەک یەک تەی
چوومە بەردەم مەحکەمە و
پۆلیسخانە و نووسینگەی محامییەکانیش:
ئەو شوێنانەی کە شکایەتنامە و عەریزە
چەند بەپەلەپرووزێ و تووڕەییەوە مل دەنێنە ژوورەوە
پاشانیش چەنێک شەرمەزار
چاوفرمێسکاوی، دێنە دەرەوە!

بەدوای تۆدا هێندە گەڕام:
قاچم لەناو کوڵەوژی ژاندا بزر کرد
چاوم لەڕێگەی گەڕانەوەت
پەنجەم لەناو مەرەکەبدا.

غەریبیی ددانەکانتم دەکرد.

پەشیمانیی سپێدە و نیوەڕۆ دڵتوندەکان لەسەر شانم
چوومە دوکانی وێنەگرەکانیشەوە
بەبەر دەرگای ئەوماڵانەی کە ژنە مێرد لە سەفەر و تەنیاکان
تا سێبارەی نیوەشەوان کەلەکان دەگۆڕن بەتاقی تەنێ
ئەو بازاڕانەشم پەی کرد
کە دارتاش و بەقاڵ و کەبابچی و حەمباڵەکان
دەست بە زەمبیلێکی پڕ لە وەفا
کیلۆیەک میهرەبانی و سۆزیان دەبردەوە بۆ ئێوارەی برسیی ژنەکانیان.

چوومە سەر مێزی مەیخۆرە بێ هاونشینەکانیش
کە لەوێ
هیچ کەسێک هیچ قسەیەکی نەدەکرد:
نە بوتڵە تەنیا و بێزارەکان

نە مێزەکان
نە گوڵە لالۆ عەباسەکانیش
کە من هەموو جار ناویانم بیردەچۆوە و پێم دەگوتن «مەلا داود».

ئاخ..
لە ئێوارە تەنیا و غەمگینەکانی هەولێر، بێ تۆیی
چەنێک بە مردن دەچوو!

وابزانم لەناو گۆڕیش هەر
ناتدۆزمەوە.

٢٠٠٧/٧/٥

ئەرهاد پیربالّ ( هەولێر -١٩٦١)، دکتۆرا لە مێژووی ئەدەبی نوێی کوردی لە زانکۆی سۆربۆن لە پاریس (١٩٩٤).

لەم گۆڤار و ڕۆژنامانەدا وەک سەرنووسەر و ئەندامی دەستەی نوسەران لە ساڵانی هەشتاوە تا ئەمڕۆ کاری کردووە: یەکگرتن و دەروازە لە کۆپنهاگن، خەرمانە و نوودەم لە ستۆکهۆلم، هیوا لە پاریس، هاڤیبوون لە بەرلین، کوردستانی نوێ و وەرگێڕان و وێران و جوایەز و شین و شیعر لە هەولێر.

یەکەمین بەرهەمی بڵاوکراوەی، چیرۆکێک بووە، لە گ. ڕۆژی کوردستان لە ١٩٧٩ (واتە لە تەمەنی ١٨ساڵیدا) لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە. یەکەمین کتێبیشی، شانۆنامەی (ماڵئاوا ئەی وڵاتەکەم) لەلایەن یەکیەتیی نووسەرانی کوردستان لە شاخ لە ١٩٨٤ چاپکراوە.

لە زانکۆکانی سەلاحەدین - هەولێر، سلێمانی، کۆیە، خانەقین، لە کۆلێژەکانی ئاداب و هونەر و قانوون و پەروەردە و وەرگێڕان و کارگێڕی و زانست و کۆلێژی مامۆستایان وانەی (ڕێبازە ئەدەبیەکان) و (ئەدەبی نوێ) و (کوردناسی) و (مێژووی هونەر)ی داوەتەوە.

ئێستا مامۆستای (ئێستاتیکا)یە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە زانکۆی سەلاحەدین.

**کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر:**

١- ماڵئاوا ئەی وڵاتەکەم. شانۆنامە. بڵاوکراوەی یەکیەتیی نووسەرانی کوردستان - شاخ: ١٩٨٤.

٢- بەیانی باش ئەی غەریبی. شانۆنامە. بنکەی یەکگرتن لە کۆپنهاگن: ١٩٨٨ .

٣- ئیگزیل Exile شیعر. بڵاوکراوەی ئەنستیتووی کورد لە پاریس، پاریس: ١٩٩٢.

٤- ژمارەکانی گۆڤاری کوردستان (ئەستەمبوڵ: ١٩١٩)، دەزگای گوڵان، هەولێر: ١٩٩٨.

٥- ڕۆژنامەگەریی کوردی بە زمانی فەڕەنسی، سەنتەری برایەتی، هەولێر: ١٩٩٨. (چاپی٢: دەزگای خەندان، سلێمانی: ٢٠٠٦).

٦- سەرچاوەکانی کوردناسی، بنکەی گەلاوێژ، سلێمانی: ١٩٩٨.

٧- زێڕی ناو زبڵ. توێژینەوە و تێکستی وەرگێڕدراوی کوردۆلۆژی، دەزگای سەردەم، سلێمانی: ١٩٩٩ .

٨- ئینجیل لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، دهۆک: ١٩٩٩. (چاپی دووەم بە کرمانجیی ژووروو، دهۆک: ١٩٩٩)

٩- وێنەی کورد لە ئەرشیفی کوردناسەکاندا، بنکەی وێران، هەولێر: ١٩٩٩.

١٠- جوایەز، شیعر (بە هاوبەشی شاعیرانی دیکەی هەولێر)، دەزگای ئاراس: ١٩٩٩.

١١- سپیاتییەکانی ناو ڕەش، شیعر. بنکەی وێران، هەولێر: ١٩٩٩.

١٢-دراسات فی تاریخ الکورد. ترجمە: ترزە جاف، رابطە کاوا، بیروت: ١٩٩٩.

١٣- مەلا مەحموودی بایەزیدی، دەزگای ئاراس، هەولێر: ٢٠٠٠

١٤- رۆژنامەی کوردستان(١٨٩٨)، بە هاوبەشی، بنکەی گەلاوێژ، سلێمانی: ٢٠٠٠

١٥- پەتاتەخۆرەکان، کۆمەڵە چیرۆک، هەولێر: ٢٠٠٠. (چاپی 2: بنکەی هاڤیبوون، بەرلین: ٢٠٠٢؛ چاپی 3: هاموون، سلێمانی: ٢٠٠٥

١٦- مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا، دەزگای ئاراس: ٢٠٠١ .

١٧- مولازم تەحسین و شتی تریش، نۆڤلێت. بنکەی گەلاوێژ، سلێمانی: ٢٠٠١ . (چاپی دووم: چاپخانەی شڤان، هەولێر: ٢٠٠٨)

١٨- ژەنەراڵ شەریف پاشا، توێژینەوەی مێژوویی، دەزگای سەردەم: ٢٠٠١ .

١٩- چۆلستان، وەرگێڕانی کۆمەڵە چیرۆکی پەتاتەخۆرەکان بۆ رێنووسی لاتینی - کرمانجیی ژووروو، دەزگای ئاڤێستا، ئەستەمبوڵ: ٢٠٠١

٢١- جوایەز (چیرۆک و بەرهەمی هاوبەش لەگەڵ شاعیرانی هەولێر)، دەزگای ئاراس، هەولێر: ٢٠٠١.

٢٢- عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری، توێژینەوەی ئەدەبی، دەزگای سپیریز، دهۆک: ٢٠٠٢

٢٣- مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە کۆنەوە تا ١٩٣٢، بلاو. گ. ئاسۆی پەروەردەیی، هەولێر: ٢٠٠٢

٢٤- سانتیاگۆ دی کۆمپۆستیللا، رۆمان، ئاراس، هەولێر: ٢٠٠٢. چاپ٢: دەزگ رۆژهەلات، سلێمانی: ٢٠٠٥

٢٥- پیاوێکی شەپقەڕەشی پاڵتۆڕەشی پێڵاو شین، رۆمان، دەزگای ئاراس، هەولێر: ٢٠٠٣. چاپی٢: وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی: ٢٠٠٥

٢٦- منداڵباز، رۆمان، بلاوکردنەوەی ماڵی شەرەفخانی بەتلیسی، هەولێر: ٢٠٠٣ (چاپی ٢: یانەی قەڵەم، سلێمانی: ٢٠٠٦)

٢٧- حەشیشەکێشەکان، شانۆنامە، بلاوکراوەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر: ٢٠٠٣

٢٨- باوک، شانۆنامە، نووسینی ئۆگۆست ستریندبێرگ، و. لە فەرەنسییەوە. دەزگای ئاراس: ٢٠٠٤

٢٩- باخچەیەک شیعری فەرەنسی، لە فەرەنسییەوە، دەزگای سەردەم، سلێمانی: ٢٠٠٤

٣٠- رێبازە ئەدەبییەکان، دەزگای ئاراس، هەولێر: ٢٠٠٤ (چاپی دووەم دەزگای وەرگێڕان، هەولێر: ٢٠٠٦)

٣١- چەند نامەیەکی فەرەنسی، سەنتەری رووناکبیریی هەتاو، چاپی یەکەم و دووەم، هەولێر: ٢٠٠٥

٣٢- وێنەی کورد لە ئەرشیفی کوردناسە ئەورووپییەکاندا، وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر: ٢٠٠٥

## ساڵی (٢٠٠٦):

٣٣- مێژووی شیعری نوێی کوردی ١٨٩٨- ١٩٥٨، توێژینەوە، دەزگای هانا، هەولێر: ٢٠٠٦

٣٤- رەئیس رەمەزانەکان، چیرۆک، دەزگای هانا، هەولێر.

٣٥- زمانی حەیزەران، لەبارەی کێشەی گەنج و قوتابیانەوە، توێژینەوە، چاپخانەی رەنج، سلێمانی: ٢٠٠٦

٣٦- بۆ رۆژانی کورم، شیعر، چاپخانەی پاک، هەولێر.

٣٧- پێنج کتێب و نیو، شیعر، دەزگای رۆژهەلات، سلێمانی.

٣٨- کورد لە دیدی رۆژهەلاتناسەکانەوە، تێکست و توێژینەوە، دەزگای ئاراس، هەولێر: ٢٠٠٦

## چاپکراوەکانی نووسەر تەنیا لە ساڵی ۲۰۰۷

۳۹- مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا، لە کۆنەوە تا ۱۹۵۸، بڵاوکراوەی گۆڤاری شێوەکاری، دەزگای مێرگ، هەولێر: ۲۰۰۷

٤٠- کرۆنۆلۆژیای کوردستان، دەزگای بەدرخان، هەولێر.

٤١- حەکایەتەکانی باوکم، رۆمان، چاپخانەی شڤان و دەزگای بەدرخان، سلێمانی- هەولێر: ۲۰۰۷

٤٢- هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی ژاک پریڤێر، وەگێران لە فەرەنسییەوە. دەزگای سەردەم، سلێمانی: ۲۰۰۷

٤٣- سوڵتانە عوسمانییەکان، توێژینەوە و ئەلبووم، چاپخانەی رەنج، سلێمانی: ۲۰۰۷

٤٤- پەناهەندەی ژمارە (۲۲ ۳۳۳)، سەرجەم شیعرەکانم، چاپخانەی پاک، هەولێر: ۲۰۰۷

٤٥- گەنجە کوردەکان، یەکەمین پرۆژەی مەعریفی لە مێژووی کورددا، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیر و هوشیاریی (ی.ن.ک)، سلێمانی: ۲۰۰۷

٤٦- پۆل ئێلوار: زەمین وەک پرتەقاڵێک شینە، لە فەرەنسییەوە گوڵبژێرێک لە شیعرەکانی و توێژینەوە، یانەی قەڵەم، سلێمانی: ۲۰۰۷

٤٧- سۆزانییە رێزدارەکە، ژان پۆل سارتر، وەرگێران لە فەرەنسییەوە، بڵاوکردنەوەی خانەی وەرگێران، سلێمانی.

٤٨- پیرەمێرد، گوڵەکانم لەناو رۆژنامەدا دەچێنم سەوز دەبن، بڵاوکراوەی وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ب. راگەیاندن - لقی سلێمانی، دیسەمبەری ۲۰۰۷.

٤٩- چەند وتارێک لەبارەی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی، دەزگای سەردەم، سلێمانی: ۲۰۰۸

٥٠- وێستگەکانی تازەبوونەوەی شیعری تورکی، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری نواڵە لە هەولێر: ۲۰۰۸.

٥١- کرۆنۆلۆژیای شاری هەولێر، ژیانی مێژوویی و سیاسی و کولتووریی هەولێر لەکۆنەوە تا ۱۹۵۸، چاپخانەی شەهاب، هەولێر: ۲۰۰۸.

٥٢- مێژووی هونەری فۆتۆگراف لە کوردستاندا، مێژووی دیزاین و مێژووی پۆستکارت لە کوردستاندا، بڵاوکراوەی وەزاارەتی رۆشنبیری، هەولێر: ۲۰۰۹.

٥٣- حەیوانات، بڵاوکراوەکانی ناوەندی داهێنان، چاپخانەیەکی شاری سلێمانی: ۲۰۰۹.

### لەژێر چاپن:

٥٤- مێژووی کاریکاتێر لە کوردستاندا، دەزگای کولتوور، هەولێر: ۲۰۰۹.

٥٥- مێژووی مۆسیقا و گۆرانیی کوردی، خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە لەبارەی مێژووی مووزیک لە کوردستاندا...

٥٦- پەناهەندەیەکی فەرەنسی لە کوردستاندا، سیناریۆ.

٥٧- هەڵبژاردەیەک شیعری شاعیرانی دنیا، وەرگێران لە فەرەنسییەوە...

٥٨- ماڵی مردووان، گفتوگۆیەک لەگەڵ بلیمەتەکان...

٥٩- چارلس داروین و تیۆری پەرەسەندن...